زنجیرەی شانۆی بیانی
ژمارە 45

سەرپەرشتیاری زنجیرە
دانا رەووف

# چین

نووسینی: ئێریک ئۆدێنباری

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دانا ڕەووف

**ناوی کتێب: چین**
**نووسینی: ئێریک ئۆدێنباری**
**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دانا ڕەووف**
**پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسین: دانا رەووف**
**پێداچوونەوەی: عەبدوڵڵا قادر دانساز**
**بڵاوکراوەکانی ئاراس- ژمارە:**
**دەرهێنانی هونەری ناوەوە: ئاراس ئەکرەم**
**بەرگ: مریەم مەتوقییان**
**چاپی یەکەم، هەولێر-** 2010
**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ( ) ی ساڵی** 2010 **ی دراوەتێ**

**هیچ گروپ و کەسێک بەبێ ڕەزامەندی وەرگێڕ بۆی نییە ئەم شانۆییە بخاتە سەر شانۆ.**

# شانۆنامەی چین لەنێوان وەهم و واقیعدا

**دانا ڕەووف**

شانۆنامەی (چین) چیرۆکێکی راستەقینەی ژیانی کچێکی منداڵە، بەرێکەوت دەکەوێتە ناو کۆمەڵێ چەکدارەوە و دەبێتە منداڵێکی سەرباز و بەشێک لە ئامێرێکی گەورەی جەنگێکی خوێناوی1.

- **ئۆگاندا،** 1984

لە ئۆگاندا، یەکێک لە وڵاتەکانی کیشوەرە پارچە پارچەکراوەکەی ئەفەریقا، لە دەرەوەی شارێکی بچوک دەستەیەک چەکدار کچێکی بچوکی بێ لانە و تەنیا دەدۆزنەوە. تەمەنی ئەو کچە تەنها نۆ ساڵ دەبێت و لەدەست ماڵە باوانی ڕایکردووە.
سەربازەکان لەگەڵ خۆیان دەیبەن و ناویشی دەنێن "چین" لەبەرئەوەی چاوەکانی هەندێک خوارە و سیمای لە سیمای خەڵکی وڵاتی "چین" دەچێت.
بەم شێوەیە چیرۆکی چین وەک سەربازێکی منداڵ دەستپێدەکات، هەر بەم شێوەیەش زیاتر لە دە ساڵ ژیانی دەباتە سەر، هەرچەندە بەشداری ئەو هەموو شەڕە دەکات ناکوژرێت، نامرێت و بە زیندوویی دەمێنێتەوە.
بەڵام چۆن؟

ڕۆژێکی ساردی زستان، لە کۆتاییەکانی ساڵی 2002 دا (چین کەیتەتسی) بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی خۆی سەردانی ستۆکهۆڵم دەکات.
چین لەو دەمەدا تەمەنی بیست و هەشت ساڵ دەبێت و کتێبێکیشی لەسەر ژیانی خۆی: ئەو ساڵانەی وەک سەربازێکی منداڵ بردوویەتییە سەر نووسیوە. شانۆنامەنووسی سوێدی (ئێریک ئۆدێنباری) لەوێ دەبێت، گوێ لەو بەسەرهاتە دەگرێت، کتێبەکەی دەخوێنێتەوە و شانۆنامەی (چین) یش لەسەر ژیانی ئەو ئەفسەرە کچە منداڵە دەنووسێت.

## چین کێیە؟

(چین کەیتەتسی) لە ساڵی 1976 لە ئۆگاندا لەدایکبووە، سەرەتاکانی ژیانی لەلای باوکی و ژنە تازەکەی (باوەژنەکەی) بردۆتە سەر. لەساڵی 1984 دا، بۆ ئەوەی دایکە ڕاستەقینەکەی خۆی بدۆزێتەوە لەماڵەوە هەڵدێت، بەڵام لەبری ئەوە دەکەوێتە تەڵەیەکی چەکدارەکانی سوپای بەرگری نەتەوایەتییەوە، بەسەرکردایەتی یۆبۆری میۆسێڤینی. دوای دە ساڵ وەک سەربازێکی منداڵ لە سوپاکەی میۆسێڤینی ڕادەکات، سەرەتا لە باشووری ئەفەریقا دەگیرسێتەوە و لەوێ پەیوەندی بە ئۆرگانە خێرخوازییە نێونەتەوەییەکانەوە دەکات. دوای چوار ساڵ لە باشووری ئەفەریقا، هەست بە پاڵەپەستۆ و مەترسییەکی گەورە لەسەر ژیانی خۆی دەکات. لەبەرئەوە داوای یارمەتی لە بەشی پەناهەندە لە UN دەکات و ئەوانیش ڕەوانەی دانیمارکی دەکەن2. چین لە ساڵی 2002 دا بە کتێبێک بیۆگرافیای ژیانی خۆی بە وردی دەنووسێت3: Child Soldier: Fighting for my life
ساڵی 2007 یش کتێبی دووەمی بە ناوی Tears Between Heaven and Earth بڵاودەکاتەوە.
چین سەبارەت بە سەفەرەکەی بۆ دانیمارک دەڵێت (زۆر باش لەبیرمە کە فڕیم بۆ دانیمارک، هەموو نەفەرەکانی ناو فڕۆکەکە سپی بوون، کە لە کۆپنهاگنیش نیشتینەوە، هەموو خەڵکەکە هەر سپی پێست بوون. من هیچم سەبارەت بە دانیمارک نەدەزانی، کەسێک لەوەوبەر بە منی ووتبوو دانیمارک وڵاتێکە پڕە لە گوی سەگ. ئەوە تەنها شتێک بوو کە دەمتوانی بیری لێبکەمەوە، وڵاتێکی پڕ لە گوی سەگ، گوی سەگ لە کوێیە؟!)

چین سەرلەنوێ ژیانی لە دانیمارک دەست پێدەکاتەوە، دەچێتە قوتابخانە بۆ فێربوونی زمان و لەهەمانکاتدا هەوڵ دەدا ئەو شتانەشی کە لە منداڵیدا ئەو بوارەی بۆ نەڕەخساوە، ئێستا لە دانیمارک بیانکات. لە دانیمارک بە هانای چین- ەوە دەچن، لەڕووی دەروونییەوە بارودۆخێکی لەباری بۆ دەخوڵقێنن تا بتوانێت چارەسەری تەنگەژەی ئەزموونە تاڵەکەی ژیانی سەربازی خۆی بکات. دواتریش کاری لە یەکێک لە باخچەی ساوایاندا پێدەبەخشن.

چین وەک سەربازێکی منداڵ لەنێو ڕووداوەکاندا ژیاوە، زەبروزەنگی ژیانی سەربازێک کە هەمیشە لە جەنگدا بووە، توندوتیژییەکی بێ سنوور، مەرگ، لاقەکردن، پەلامار و هێرشکردنە سەر گوند و شارەکان خۆراکی رۆژانەی بووە. چین بەم شێوەیە پیناسەی ژیانی خۆی وەک سەربازێکی منداڵ دەکات ( من بەهیج شێوەیەک کاتی ئەوەم نەبووە هەست بەهیچ شتێک بکەم، بیربکەمەوە یان کۆتایی بەژیانی خۆم بهێنم. تا ئێستاش هەر وام، هەمیشە وەک سەربازێک لەئامادەباشیدام و هاواردەکەم: بەڵی گەورەم!)

چین لە کتێبەکەیدا بە ووردی و چڕی باسی چارەنووس و گوزەرانی سەربازێکی منداڵ، هەروەها باسی تەنگەژە و ئاڵۆزییەکانی ژیانی خانەوادەکەیان، رقی ئەستووری خۆی بەرامبەر بە باوکی کە ئەوی وەک منداڵێکی بچوکی شیرەخۆرەی یەک ساڵان، لەدایکی دابڕیوە، دەکات. جگە لەمانە کتێبەکە باسی ئەفەریقا، سەربڕینی مانگا، هێرشکردنە سەر پاسی پڕ لە خەڵک، لەسەر ڕێگا خۆڵاوییەکانی گوند و لادێ دورەکان دەکات4.

ئەم کتێبە لەبەر ناوەرۆکە خوێناوییەکەی و لەبەر پەردەهەڵماڵینی لەسەر نهێنیی و راستییەکان، لەبەر ئاشکراکردنی پێشێلکردنە گەورەکانی ژیانی مرۆڤ و کوشتن و تالانکردن و لاقەکردنی ژن و منداڵ، کۆمەڵێک دوژمنی سەرسەختی لە ئۆگاندا بۆ خۆی پەیدا کردووە ( لە ئۆگاندا سەرۆک میۆسیڤینی من بە دوژمنی یەکەمی خۆی دادەنێت ) وەک چین لە چەند چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی بۆ کردووە.

چین کەیتەتسی دوو منداڵی هەیە، ئەم منداڵانە دوور لە خۆیی و لە ئەفەریقا دەژین: کوڕێک کە چین لەتەمەنی چواردە ساڵیدا بوویەتی و کچێک کە چوار ساڵ دواتر لەدایک بووە، کوڕەکەی لە (ڕواندە) دەژی و کچەکەشی لە

باکووری ئەفەریقا. چین ئەو دوو منداڵەی لە بەرەکانی جەنگ و لەگەڵ خوێن و ترس و مەرگدا بوون.
چین وەک بەرئەنجامێکی ئەو ژیانە سەختە سەربازییەی تووشی نائارامییەکی دەروونی هاتووە، ئەزموونی شەڕ و کوشتن، دابڕان و بێ وەفایی و لەدەستدانی کەسە نزیک و خۆشەویستەکانی بارێکی دەروونی ئاڵۆزیان بۆ دروستکردووە. ئەم مەسەلەیە لە کتێبەکانیدا، لە ژیانی رۆژانە و لە هەڵسوکەوتەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام ساتەوەختی ئارام و هەستکردن بە بەختیاری و خۆدۆزینەوەش لە ژیانە نوێیەکەی دانیمارکیدا دەبینرێت. لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا، کە چەندین جار لێیکراوە ( کەی تۆ هەست بە بەختیاری دەکەیت!؟ ) دەڵێت: ( کە منداڵی قوتابخانەکان دەبینم و باسی ژیانی خۆمیان، وەک سەربازێکی منداڵ بۆ دەکەم، من خۆم لەواندا دەبینمەوە. گەنجەکانی ئەوروپا دەبێت باش لەوە بگەن کە ئەوان شانسێکی باشیان هەبووە لێرە لەدایکبوون، ئەوان لەوە دڵنیان ڕێگایەک بۆ قوتابخانە و ڕێگایەکیش بۆماڵەوە هەیە. منداڵ بیت و لەهەمانکاتدا سەربازیش – زۆر گرانە بڕوا بەوە بکەیت. )
چین کەیتەتسی بە چەند رستەیەکی ساکار، بە راستگۆییەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ، بە هەستێکی پڕ لە خەم و ئازار، لە یەکێک لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکانیدا، دەڕوانێتە ئاسۆیەکی دوور و دەڵێت ( من زۆر خوازیارم بتوانم هەست بە پاکی و پاکیزەیی بکەم و لەناو خێزانەکەمدا بژیم، بەڵام من لەهیچ شوێنێک جێگام نابێتەوە و هیچ شوێنێک بە شوێنی خۆم نازانم، هەست دەکەم کەسێکی نامۆم. من دەمەوێت مرۆڤێکی باش و خێرخواز بم، زۆر بە توندی کار بۆ ئەمەش دەکەم. )
چین کەیتەتسی لەو وێنانەدا کە وەک سەرباز گیراوە، بەتایبەتی لە قۆناخی هەرزەکاریدا کە کراوەتە سەرپەل، زیاتر لە کوڕێکی منداڵ دەچێت: لە وێنەکاندا رێک راوەستاوە، سیمایەکی خەمبار و توڕە و ئاڵۆزی لێنیشتووە و راستەوخۆ، وەک ئەوەی بیەوێت شتێک بڵێت چاوی بڕیوەتە کامێراکە.
چین کەیتەتسی لە دانیمارک بۆتە زمانحاڵێکی نێونەتەوەیی بۆ ئەو منداڵانەی کە وەک سەرباز لە شەڕە خوێناوییەکاندا بەکاریان دەهێنن5.
- من ئێستا کەسێکی ترم!

چیتر وەک پڵنگێک نیم، ئێستا زیاتر لە مشکێکی بچوک دەچم.

- **چین – ی منداڵ و چین – ی سەرباز**

شانۆنامەی چین بە شێواز و فۆرمە رۆژنامەگەریی و دیکۆمێنتارییەکەی نزیکە لە شانۆیەکی تۆماری/ مێژووییەوە و ڕووداوەکانی لە واقیعی ژیانی رۆژانەی سەربازێکی منداڵەوە، لە ئۆگانداوە وەرگرتووە6.
شانۆنامەکە تەقەلایەکە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی دیالیکتیکی بە مێژوویەکی نزیک و ئامادەوە، ئەو مێژووە لە دیمەن و ڕووداوە ڕاستەقینەکانەوە نزیک دەبێتەوە و لەهەمانکاتدا دەیانبەستێتەوە بە ئێستاوە و شێوازێکی ڕیالیزمی ئەفسووناوییان پێدەبەخشێت.
چین هەر لە تەمەنی دە ساڵییەوە دەبێتە سەرباز و لە هێزی چەکداری دژ بە رژێمی ئەو کاتەی ئۆگاندا و لە دژوارترین کاتەکانی ئەو وڵاتەدا، بەشداری چەندین هێرش و شەڕی ناوخۆیی دەکات: چەندەها کەس دەکوژێت، بە بەرچاوییەوە هاوڕێ و منداڵە سەربازە هاودەمەکانی دەکوژرێن، کیڵگەی مین پاک دەکاتەوە، لاقەی خەڵکی دەکات و .... هتد. شانۆنامەنووسی سویدی ئێریک ئۆدێنباری ڕووداوەکانی شانۆنامەکەی، بە گەڕانەوە بۆ کتێب و بەڵگە و دیکۆمێنت لەسەر ژیان و بیۆگرافیای کەسایەتی (چین) ڕۆناوە.
شانۆنامەکە لە چەندین دیمەنی کورت و چڕدا وێنەی نزیک و داماڵراوی (چین) لەخۆدەگرێت و ڕووبەڕووی بینەران دەبێتەوە و راستەوخۆ قسەیان لەگەڵ دەکات، لەهەمانکاتدا کەسایەتی چین دەبێتە هێماگەلێک و لەسەر ئاستێکی بەرفراوان گوزارشت لە مرۆڤایەتی دەکات.
( چین و بۆکسەر ) دوو هاوڕێی نزیکی سەربازی بوون و بریاری ئەوەیان داوە، پێکەوە چیرۆک و بەسەرهاتی چین بۆ بینەران بگێڕنەوە، باسی ئەوە بکەن کە چۆن گەمەی منداڵان دەبێتە پرۆسێسێکی خوێناوی، چۆن هاوڕێکان یەک لەدوای یەک دەمرن و چۆن لە بەرئەنجامدا چین دەتوانێت لەو گەمەی خوێن و لاقەکردنەدا خۆی دەرباز بکات. هەروەها بۆ ئەوەی خۆشیان لە نزیکەوە لەم ڕووداوانە بگەن و بتوانن بە چاوی چاودێرەوە تەماشایان بکەن. هەر لەبەرئەوەشە دیالۆژەکانیان لەم بەریەککەوتن و ڕووبەڕووبوونەوەیەدا دەبێتە چارەسەرێکی دەروونی و یاد و بیرەوەرییەکانی سەربازێکی منداڵ.

بەسەرهاتەکانی ژیانیان دەگەڕێتەوە بۆ رۆژانی منداڵی، ژیانی سەربازی و لەنێو ئەم ڕووداوانەشدا ژیانی پڕ لە کێشە و ناهەمواری منداڵ و لاقەکردنیان ... هتد دەخاتە ڕوو. یەکێک لە تەنگەژە دەروونییەکانی (چین) ونبوونی (دایک)ە، ئامادەنەبوونی دایک بۆشاییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاکاری لەلای چین دروستکردووە. دوای دابڕانێکی دوور و درێژ و بۆ یەکەمجار هەست بە حەقیقەتی بوونی دایکی راستەقینەی خۆی دەکات، ئەو دەلاقە دەروونی/ کۆمەڵایەتییە زیاتر قووڵ دەبێتەوە و هەستێکی نامۆیی دەیخاتە گێژاوی لەدەستدانی خود و پێناسی تایبەتمەندی خۆیەوە.

**چین**

هەموو شتەکان زۆر ناڕاستەقینە بوون. دایکم دڵخۆش بوو، بەڵام لەوە نەدەچوو ئەو من بناسێتەوە. لەوی لەسەر تەختی نووستنەکە راکشابووم و گوێم لە کەسێک دەگرت لە شوێنێکەوە چەقۆی تیژ دەکردەوە. یان کەسێک لە دەرەوە، لەناو باخچەکەدا دەجووڵایەوە. ئەو شتانە لە دەسەڵاتی بەرگەگرتنی من زیاتر بوون. لەبەرئەوە هەڵهاتم وماڵەکەم جێهێشت. هەندێ پارەم دزی، چووم بۆ ئیزگەی شەمەندەفەرەکە. لەناو شەمەندەفەرێکدا دانیشتم و تا دوا وێستگە نەوەستام. لەوێ دابەزیم و راستەوخۆ بە قەراغی رێگایەکدا رۆیشتم.

دیمەنی یەکەم

ئەم ونبوونە رۆحییە چین لە کچێکی منداڵی بێگەردەوە دەکاتە سەربازێکی دڕندە و خاوەن ئەزموونێکی تاڵ. چین لەم گەشتە سەربازییەیدا خەسڵەتە مرۆییەکانی خۆی: کەسایەتی، ناو، کچێنی، پیناس لەدەست دەدات و لە هەموو بنەما کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئاکارییەکانی دادەماڵرێت و دەبێتە کەسێکی تر، نامۆ بە خۆیی و بە سروشتی مێینەی خۆی.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

وەرە بۆ ئێرە! ناوت چییە؟

**چین**

( شتێک دەڵێ کە کەس گوێی لێ نییە )

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

وتت چی؟

**چین**

( سەرلەنوێ لەبەرخۆیەوە شتێک دەڵێ )

**بۆکسە/ ئەفسەر**

( کۆڵ ئەدات ) سەیری من بکە، چاوە چینییەکان! وەرە ئێرە! چین، سەیرم بکە. چین، چەپ، ڕاست، چین، چەپ، ڕاست!

**چین**

هەستم بە شانازییەکی گەورە کرد کە بۆم هەبوو لەگەڵیان ڕێپێوان بکەم.

**بۆکسەر**

لەو چرکەساتەوە تۆ بوویتە چین.

دیمەنی یەکەم

نووسەری شانۆنامەکە ئێریک ئۆدێنباری لە دیدی رۆنانی درامی شانۆنامەکەیەوە، وەک گەمەیەکی هونەری چەندین کارەکتەر و کەسایەتی ترمان پێدەناسێنێت کە چین لە ژیاندا مامەڵەی لەگەڵ کردوون و پێکەوە ژیاون، بۆ نموونە: ئەفسەرە دڵڕەق و توندوتیژەکان، باوکێکی بێباک، باوەژنێکی ڕووترش و تووڕە، دایکێکی میهرەبان، هاوڕێ سەربازەکانی، کۆمەڵێ ئافرەتی سەرخۆشی ئاڵۆشاوی .... هتد. ئەم کارەکتەرانە، بە تەکنیکی شانۆی ناو شانۆ و بە فۆرمێکی تایبەتمەند، لەنێوان کات و شوێنە جیاوازەکاندا دێن و دەچن، یادەوەرییەکان دەوروژێن، بەرجەستەی

ڕووداوەکان دەکەن، شوێنە جیاوازەکان لە کاتە جیاوازەکاندا دروست دەکەنەوە و ژیانی چین دەکەنە بروسکەیەکی خێرا کە بەنێو شەڕ و پێکدادان و تەنگەژە و کارەساتە خوێناوییەکاندا تێدەپەڕێت.

ئەم گۆڕانکارییانە بە ساکاری و دەستبەجێ و لە چاوتروکانیکدا ڕوودەدەن و بۆکسەر لەپاڵ کارەکتەری خۆیدا، دەبێتە هەموو ئەو کەسایەتییانەی تر کە لەپڕ، لە دەروازەی ڕووداوەکانەوە دەردەکەون و ڕووبەڕووی چین دەبنەوە.

نووسەر چەندە شانۆنامەکەی باسی ژیانی راستەقینەی (چین) دەکات، هێندەش لە چەمکەکانی جەنگ نزیک دەبێتەوە و وێنەیەکی دزێوی شەڕمان بۆ دەخاتە ڕوو. شەڕ بۆ ئێمە دەبێتە راستییەکی رەها، خوێنەر و بینەر لە نزیکەوە هەست بە بەرئەنجام و کارەساتەکانی شەڕ دەکەن و بۆنی دوکەڵ و دیمەنی جەستەی خوێناوی مرۆڤ و لەدەستدانی هاوڕێکان دەبینێت. گەشتەکەی چین راپۆرتێکە لە بەری ئەوبەری مەرگەوە و وێنەی ژیانمان پێشکەش دەکات.

**بۆکسەر**

سێ یان چوار سەعات تەقەمان کرد، تا دەهات زیندووەکان کەمتر و کەمتر دەبوونەوە، هاواریش لە ئۆردوگاکەوە کپ و بێدەنگتر دەبوو. دوای ئەوە ئێمە لە شوێنی حەشارگەکەمانەوە، لەناو دارستانەکەوە هاتینە دەرەوە و چووینە ژوورەوە.

**چین**

جەستەی مردوو لە هەموو شوێنێک کەوتبوو. بزن، مریشک و مرۆڤ لەو ناوەدا بڵاو بوو بوونەوە.

**بۆکسەر**

هەموو چەکەکانمان کۆکردەوە و چەندیش پێمان هەڵدەگیرا خواردنمان هێنا و دەستی ئەو بەندانەشمان لە پشتیانەوە بەستەوە کە نەکوژرابوون و رزگاریان بووبوو.

**چین**

کە گەڕاینەوە ئەوەی بە چاوی خۆم بینیم جەستەی منی بە تەواوەتی سڕ کرد.

**بۆکسەر**

فەرمان بە بەندکراوەکان درا گۆڕەکانی خۆیان هەڵ بکەنن و بەسەریاندا دەمانقیژاند تا هیچ گوللەیەکی بەنرخ لەواندا خەسار نەکرێت.

**چین**

دوای ئەوە پیاوێک بە گۆپاڵێکەوە هات، یەک بەدوای یەک هەموویانی بە شێوەیەک دەکوشت کە بکەونە ناو گۆڕە هەڵکەندراوەکانەوە.

دیمەنی شەشەم

شانۆنامەی ( چین ) بەو چەند دیمەنە کورتە، بەو دوو کارەکتەرە، بەو فۆرمە ساکارە و بەو زمانە راستەوخۆیە دەبێتە گەردوونێکی بەرفراوان کە کۆمەڵێ کەسایەتی جیاواز لەو جیهانە نامۆ و ناتەبایەدا کۆدەکاتەوە. ئەمەش هێز و ئەفسونی شانۆیە!

ئەم شانۆنامەیە ئەو توانایەی هەیە لەگەڵ کارەکتەرەکانی پێکەوە ببنە بەشێک لەو ژیانەی چین – ژیاوە، لە واقیعێک زۆر گرانە بۆ ئەو کەسانەی کە شتی وایان نەدیوە هەستی پێبکەن7.

## پەراوێزەکان

1. بەپێی ئەو راپۆرتانەی منداڵپارێزی نێونەتەوەیی بڵاویان کردۆتەوە، زیاتر لە چوار سەد هەزار سەربازی منداڵ لە جیهاندا هەیە، ئەم منداڵانە ناچارکراون بەشداری زیاد لە سی جەنگی خوێناوی بکەن. سەربازی منداڵ چ لەناو سوپای رژێمەکان و چ لەلای چەکدارە یاخی و شۆرشگێڕەکان، بۆ نموونە لە ئۆگاندا، کە چین لەوی گەورە بووە، هەن. چین کەوتۆتە دەست سوپای بەرگری ئۆگاندا، ئەم چەکدارانە گروپێکی بەرهەڵستکاری مەسیحی بوون لە باکووری ئۆگاندا و منداڵیان بۆ شەڕ و پێکدادان کۆکردۆتەوە و لە

دژوارترین بارودۆخە سەربازییەکاندا بەکاریان هێناون. بەپێی ئەو راپۆرتانەی کە بڵاوکراونەتەوە، ئەم گروپە چەکدارە، زیاتر لە دە هەزار منداڵیان ڕفاندووە.

2. چین لە ساڵی 1999 دا و بە ڕێگای UN ەوە دەگاتە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک و تا ئێستاش هەر لەوێ دەژی.
3. شانۆنامەی (چین) زیاتر لەسەر ڕووداوەکانی ناو ئەم کتێبەوە ڕۆنراوە.
4. ئەم کتێبەی چین کەیتەتسی تا ئێستا بە ئینگلیزی، دانیمارکی و ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە.
5. چین کەیتەتسی و لەسەر ئەرکی خۆی ناوەندێکی نێونەتەوەیی لە وڵاتی (رواندە) دامەزراندووە بۆ چارەسەرکردن و یارمەتیدان و بەتەنگەوە هاتنی سەربازە منداڵەکانی ئۆگاندا.
6. شانۆنامەی (چین) تا ئێستا لەسەر زوربەی شانۆ گەورە و گرنگەکانی سوێد نمایشکراوە، بۆ نموونە: شانۆی شار لە ستۆکهۆڵم، یۆتۆبۆری و مالمیۆ.
7. (چین) وەک شانۆنامە بە زمانێکی مینیاتری نووسراوە و زیاتر کەرەستەیەکی ئامادەیە بۆ لایەنە کردەییەکەی شانۆ، ئەزموونێکە بۆ ئەکتەر و ریژیسۆر، دەروازەیەکە بۆ نەمایشێکی سەرکەوتوو.

# چۆن "چین" م نووسی؟

## ئێریک ئۆدێنباری

بۆ یەکەم جار (چین کەیتەتسی) م لە سیمینارێکی منداڵپارێزیدا بینی کە لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە دەچوو، من ئامادەی ئەو سیمینارە بووم بۆ ئەوەی گوێ لە چیرۆکی ژیانی بگرم، بەو هیوایەی شتێکی بۆ شانۆ تیا بدۆزمەوە. هەر زوو هەستم بەوە کرد نەک شتێک، بەڵکو هەموو ژیانی ئەم ئافرەتە شانۆیە.

ژیانی چین بۆ منداڵی سوێدی لە ژیانێکی راستەقینە ناچێت، بەڵکو وەک حەکایەت و سەرگوزشتەی خەیاڵی وایە: چیرۆکی ئەو کچە نۆ ساڵەی لە دەستی دایکی رادەکاتە ناو دارستانێکەوە، لەوی تووشی دەبێت بە تووشی کۆمەڵێ سەربازەوە کە لەگەڵ خۆیان دەیبەن بۆ جیهانێکی تر. بەڵام ئەمە خەیاڵ و حیکایەت نییە، ئەمە واقیعێکی راست و راستەقینەیە.

چین کەیتەتسی ئەوەشی پێشاندا کە توانایەکی باشی هەیە لە دەربڕینی هەست و سۆزەکانی و بە راشکاوی باسی لەو ئەزموونە تاڵ و توندوتیژەی کە سەربازێکی منداڵ هەیەتی- کرد. لەو باسەدا خۆشەویستی، لەدەستدانی هاوڕێ، زەبروزەنگ و مەرگ بە ئاسانی جێگایان دەبووەوە. بێگومان واقیعێکی لە ئەندازە بەدەر تاڵ و هەستپێکراوی کارەساتئامێز.

دواتر ئەو کتێبانەم خوێندنەوە کە چین کەیتەتسی سەبارەت بەو ئەزموونە تاریک و گرانەی خۆی، وەک سەربازێکی منداڵ، نووسیویەتی، کتێبەکان یەکێکیان بە ئینگلیزی و ئەویتریان بە دانیمارکی بڵاوکراوەتەوە، لەو کتێبانەدا، جگە لە جەنگاوەرێکی مێردمنداڵ نووسەرێکی بە سەلیقە و بە تواناشم دۆزییەوە. چین کەیتەتسی هەر بەڕاستی دەتوانێت بەسەرهاتەکانی بگێڕێتەوە.

من سەرسام بووم بە چۆنییەتی باسکردنی خۆشەویستی بزن کە لە رۆژی ناونانەکەیدا سەریان بڕی، بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ون بوونی هاوڕێ و هاوڕێکانی، چیرۆکی دایکە شێواوەکەی، هەموو ئەو بەسەرهات و گێڕانەوەی ژیانی

سەربازێک کە بە هەست و سۆزێکی راستەوخۆ و چڕەوە تۆمارکراون. بەو چاونەترسییەی کە دوای یەکەم راکردنی پڕ مەترسی لە ژیانی سەربازی، سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە.
هەموو کارکردنی منیش لەگەڵ خودی تێکستەکە سەبارەت بەوەیە: بتوانم سەرنجی بینەران راکێشم، راستەوخۆ و بەبێ پیچ و پەنا رووداوەکان بگێڕمەوە، کە وا بزانرێت ئەمە حیکایەتە، ئەفسانەیە و بەڵام لەڕاستیدا واقیعێکی کارەساتئامێزە. لە شانۆی UNGA KLARA لە ستۆکهۆڵم کە وەک دراماتورگ و شانۆنامەنووس کاردەکەم، شانۆنامەکەمان لە شێوازێکی ساکاردا بردە یەکێک لە پۆلەکانی قوتابخانەیەک، دوو ئەکتەر و بەر لەبەرکردنی دیالۆژەکانیان، بە کەرەستە و پێداویستییەکی سەرەتایی و ساکارەوە. ئەم چیرۆکە کە ڕووداوێکی راستەقینەیە، بۆ ئەو قوتابییانەی شانۆنامەکەیان بینی دەرکەوت کە زۆر گرنگە، کە چین کەسێکە بە ڕاستی هەیە، کە ئەو ئێستا لە دانیمارک دەژی، کە ئەو سایتێکی تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە ئێمە ئەومان دیوە و قسەمان لەگەڵ کردووە.
هەندێک لە منالەکان هەموو بەسەرهاتەکەیان وەک چیرۆکێکی خەیاڵئامێز وەرگرت، وەک گێڕانەوەی بەسەرهاتێک کە بیەوێت خۆی لە جیهانێکی توندوتیژدا بمێنێتەوە.
بەڵام بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا ئەوەشی بە هەندێک منداڵی تر بەخشی کە دەکرێت منداڵی هاوتەمەنی خۆیان، هاوپۆلی خۆیان تووشی چ کارەساتێک دەبن، کارەساتێک کە بە هیچ شێوەیەک لەوەوبەر نەیانبینیوە و تێینەگەیشتوون. چیرۆکەکە بۆ ئەو منداڵانەش وەک ئەوە وابوو کە ئەمە شتێکە خۆیانی تیا بدۆزنەوە.

## کارەکتەرەکان:

**چین**

**بۆکسەر**

**دیمەنی یەکەم:**

چین و بۆکسەر هەریەکە و لەسەر کورسی خۆی لە دەرەوەی هۆتێلێکی پیسوپۆخڵ، لە جۆهانس بۆرگ ی پایتەختی ئەفەریقای باشوور دانیشتوون. لە پشتەوەڕا تابلۆیەکی نیۆنیی لەسەری نووسراوە (فرۆشگای سێکس) و سەهمێک بەرەو خوار ڕووەو دەرگەیەک، پرشنگ دەدەن. کاتێ ئەو دوو کەسە جگەرەیەک و چەرخێک دەردێنن، دەردەکەوێت هەردووکیان لەژێر کراسە کراوەکانیانەوە چەکیان پێیە.
بۆکسەر جگەرەکە دادەگیرسێنێت و نەفەسێکی لێئەدات، پاشان دەیداتە چین، ئەمیش نەفەسێکی لێئەدات و ئەیداتەوە بەو، بۆکسەر دوا نەفەسی لێئەدا و جگەرەکە کە هێشتا هەر هەمووی نەکیشراوە، دەکوژێنێتەوە.

**بۆکسەر**
دەبێت دەستی پێوە بگرین.

**چین**
ئم.
( بۆکسەر تەماشای درێژی جگەرەکە دەکات کە چەندی ماوەتەوە و دەیخاتەوە ناو پاکەتی جگەرەکە )

**چین**
واتە: بۆ ئەوەی هیچ جۆرە بەدحاڵیبوونێک ڕوونەدات: ئەوە توتنی تیایە، تەنها توتن. توتن و بەس؟

( وچان )
دەست پێبکەین، ها؟

**بۆکسەر**
ئا.

**چین**
کەواتە دەست پێدەکەین.
ئەمە لە وڵاتێکدا ڕوو دەدات کە هەمیشە نزیکەی بیست تا بیست و پێنج پلە گەرمە.

**بۆکسەر**
ئۆگاندا.

**چین**
زستان و هاوین. شەو و رۆژ، هەمیشە دەوروبەری 20 _ 25 پلەیە، بێگومان لەبەر خۆرەکە گەرمتریش دەبێت. مرۆڤ هەردەم دەتوانێت هەمان جلوبەرگی لەبەردا بێت. هەندێک جار سارد و وشک، هەندێک جاریش قوڕوچڵپاو و تەڕ، بە شەویش بۆنێکی تیژی چیمەن و ڕووەک و گژوگیای لێوە دێت. بەتایبەتی لە دارستانەکاندا، کە لەوانەیە هێندە چڕ بێت نەتوانیت دارێکی دواتر ببینیت.

**بۆکسەر**
وەرە سەر مەسەلەکە.

**چین**

من تەمەنم دەوروبەری دە ساڵ بوو، لەدەست دایکم ڕامکرد، لەبەرئەوەی ئەو میهرەبان بوو، بەشێوەیەک کە من باوەڕم نەدەکرد.

**بۆکسەر**

تۆ لەو بڕوایەدابوویت کە ئەو بەپێوە دەتخوات.

**چین**

من لەو ڕۆژەوەی کە منداڵێکی ساوا بووم ئەوم نەدیبوو، ئاهەنگێکی گەورەی ڕێکخستبوو. مانگایەکیان لەبەر خاتری من سەربڕی بوو.

**بۆکسەر**

تۆش لەو بڕوایەدابوویت ئەوان بتخۆن.

**چین**

هەموو شتەکان زۆر ناڕاستەقینە بوون. دایکم دڵخۆش بوو، بەڵام لەوە نەدەچوو بمناسێتەوە. لەوێ لەسەر تەختی نووستنەکە ڕاکشابووم و گوێم لە کەسێک دەگرت لە شوێنێکەوە چەقۆی تیژ دەکردەوە. یان کەسێک لە دەرەوە، لەناو باخچەکەدا دەجوولایەوە. ئەو شتانە لە دەسەڵاتی بەرگەگرتنی من زیاتر بوون. لەبەرئەوە هەڵهاتم وماڵەکەم جێهێشت. هەندێ پارەم دزی، چووم بۆ ئێزگەی شەمەندەفەرەکە. لەناو شەمەندەفەرێکدا دانیشتم و تا دوا وێستگە نەوەستام، لەوێ دابەزیم و ڕاستەوخۆ بە قەراغی ڕێگایەکدا ڕۆیشتم.

**بۆکسەر**

بۆ ناو ئەو شەوە بۆنخۆشە. شەوێکی ئاوها، مانگەشەوێکی رووناک و ئەستێرە داگیرساوەکان. کیژێکی بچکۆلە. تەمەنی تەنها نۆ ساڵ، بەم زووانە دەبێتە دە ساڵ. بەتەواوەتی تاک و تەنها.

**چین**

هەستم دەکرد کە زۆر بەهێزم، هەرگیز ئاوا و بەو شێوەیە هەستم بە بەهێزی خۆم نەکردبوو. لە دوورەوە ڕووناکییەکی بزۆزم دی و بەرەو ئەو شوێنە چووم.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

ڕاوەستە! تۆ کێیت؟

**چین**

منم.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

ئاوا؟ وەرە پێشەوە.
( بە لایتێکی دەستیی ڕووناکی دەکاتەوە )
بەم نیوەشەوە لێرەدا چی دەکەیت؟

**چین**

بەدوای دایکمدا دەگەڕێم.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

ئەی باوکت لەکوێیە؟

**چین**

مردووە.

**بۆکسەر**

لەوێدا درۆت کرد.

**چین**

لەپڕ چواردەورم بە پیاوی جلوبەرگ دڕاوی چەکدار گیرا. هەموویان لەوێدا وەستابوون و تەماشایان دەکردم.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

وەرە بۆ ئێرە، لێرە دەتوانیت بۆ خۆت بنوویت.

**چین**

لەکوێ؟ هیچ تەختی نووستنێک لێرەدا نییە.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

( پێی پێدەکەنێت ) بەتانی. لەسەر ئەرزەکە.

**چین**

سوپاس.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

ئەمە بدە بە سەرتدا تا مێشوولە نەتخوات.
( بە قسەی دەکات )

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

چەپ، ڕاست، چەپ، ڕاست، چەپ، ڕاست، چەپ!

**چین**

کە خەبەرم بووەوە ڕەوێک منداڵم دی لەوێدا یارییان دەکرد. چەک و چیلکە بە دەستەوە بە مارشی سەربازی دەڕۆیشتن. منیش داوام کرد گەر بۆم هەبێت لەگەڵیان بم.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

ئێستا نا. لاقەکانت هێشتا هەر ئاوساون. تۆ پێویستە پشوو بدەیت.

**چین**

بەڵام من دەمەوێت لەگەڵتان بم!

( شووتێکی ئاگادارکردنەوە )

دوای ئەوە کەسێک هاوارێکی کرد و لەپڕ دەبێت هەموو بڵاوەی لێبکەن و ئەوێ بەجێ بێڵین. من تێنەگەیشتم بۆچی. بەڵام ئەوان وتیان گوتیان کەوە، منیش بە قسەی ئەوانم کرد.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

وەرە بۆ ئێرە! ناوت چییە؟

**چین**

( شتێک دەڵێت کە کەس گوێی لێ نییە )

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

وتت چی؟

**چین**
( سەرلەنوێ لەبەرخۆیەوە شتێک دەڵێت )

**بۆکسەر/ ئەفسەر**
( کۆڵ دەدات ) سەیری من بکە، چاوە چینییەکان! وەرە ئێرە! چین، سەیرم بکە. چین. چەپ، ڕاست. چین. چەپ، ڕاست!

**چین**
هەستم بە شانازییەکی گەورە کرد کە بۆم هەبوو لەگەڵیان ڕێپێوان بکەم.

**بۆکسەر**
لەو چرکەساتەوە تۆ بوویتە چین.

**دیمەنی دووەم**

**چین**
ئێمە کۆمەڵێک منداڵ بووین، دەوروبەری هەشت تا پانزە ساڵ دەبووین. هەموویان وەک من ناوی خۆش و شیرینیان هەبوو.

**بۆکسەر**
بۆکسەر.

**چین**
شێک نۆڕیس.

**بۆکسەر**
ڕامبۆ.

**چین**
خۆکوژ.

**بۆکسەر**
تیژ.

**چین**
هێرش فەرماندە.

هەر هەمووشیان لەگەڵ من میهرەبان بوون، ئەگەرچی ئەوان بە زمانی منیش قسەیان نەدەکرد. من بە زمانی کینیانکۆڵ[1] قسەم دەکرد، ئەمەش کەسیتر لەوان بەو زمانە قسەیان نەدەکرد.

**بۆکسەر**

جێگەی خۆتت لەناویاندا کردبووەوە.

**چین**

فێری دیالێکتی کیگاندا و سواهیلی[2] بووم.

**بۆکسەر**

لەماڵەوە کەس بە سواهیلی قسەی نەدەکرد.

**چین**

بەڵام ئەوە ئەو زمانە بوو کە میۆسیڤێنی سەرکردەمان دەیویست ئێمە قسەی پێبکەین.

**بۆکسەر**

ئەفاندە میۆسیڤێنی.

**چین**

" ئەفاندە " یەکەوڕاست مانای " دەمڕاست " دەگەیەنێت. بە سواهیلی.

**بۆکسەر**

[1] Kinyankole زمان و شێوەزاری ناوچە جیاوازەکانی ئۆگاندا.

Kiganda och Swahili2 زمان و شێوەزاری ناوچە جیاوازەکانی ئۆگاندا.

ئێمە تا ئەو کاتەش تەنها قسەوباسمان دەربارەی ئەو دەبیست.

**چین**

ئێمەش هەر زۆر بە کەیف بووین. بە چەکی ڕاستەقینە مەشقی هێرشکردنە سەر دوژمنمان دەکرد.

**بۆکسەر**

ئەگەرچی ئەو کاتە تۆ منداڵ بوویت. تۆ و منداڵە بچوکەکانی تر بە دار و چیلکە هێرشتان دەبرد.

کەواتە، ئەمە ڕاستە: لەویَ کلاشینکۆڤێکت بەم شێوەیە بەتەنیشت کچەکەوە دابنایە، ئەوا هەردووکیان بەقەد یەک درێژبوون.

**چین**

من هەر زۆر سەرسام بووم.

**بۆکسەر**

بە من.

**چین**

بەوەی کە ئێوە خێرا بوون. کە ئێوە تەنها بە چەند چرکەیەک دەتانتوانی چەکەکانتان هەڵبوەشێنن و بیانخەنەوە شوێنی خۆیان. ئێوە بێباک بوون، چوست و چالاک بوون، هەر وەک خێزانێکی تازە وابوون.

**بۆکسەر**

بەڵێ.

**چین**

خواردن، جێگای خەوتن و گەمە و ئەفسەرێکیش ئاگاداری قاچە ئاوساوەکانمی دەکرد، بۆ ئەوەی چاک بێتەوە.

**بۆکسەر**

ئەی شەیتان کە تۆ گێژو وێڵ دیاربوویت.

**چین**

تا ڕۆژێک هات و بانگکرامە پێشەوە بۆ ئەوەی لەسەر ڕێگایەک بووەستم، تەنها جێگای دوو تایە بەسەر لمەکەوە دیاربوو کە ڕاستەوخۆ بەنێو جەنگەڵەکەدا تێپەڕ دەبوو.

**بۆکسەر**

جێب.

**چین**

ئێمە یاریمان دەکرد و وەک منداڵی بێتاوان خۆمان پیشان دەدا تا کەژاوەی ئۆتۆمۆبیلەکانی دوژمنەکانمان ڕادەوەستان و لێمان دەهاتنە پێشەوە بۆ ئەوەی قسەمان لەگەڵدا بکەن، کە تەقەش دەستی پێدەکرد ئێمە بە هەموو هێزی خۆمان ڕاماندەکردە نێو دارستانەکانەوە.
( وچان )
من لەوەوبەر ئەمەم بیستبوو کە دەبێت چی بکەین، مەشقمان لەسەر ئەوە کردبوو، بەڵام زۆر لەوەی کە من چاوەڕوانم دەکرد خراپتر بوو. کەژاوەی ئۆتۆمۆبیلەکانی سەر ڕێگاکە پڕ بوون لە تەقەمەنی، کە تەقەیان لێکرا تەقینەوە.

**بۆکسەر**

تەقینەوە.

**چین**

من هەرگیز لەوەوبەر بەو شێوەیە نەترسابووم. تەنها دەمویست بۆ ژیانی خۆم، چەندێک دوورتر بمتوانیبایە ڕابکەم، بەڵام یەکێک داینیشانم.

**بۆکسەر**

ئەوە من بووم.

**چین**

تۆ بوویت.

**بۆکسەر**

من پاڵم خستیت بۆ ئەوەی ئارام ببیتەوە و نەکوژرێیت.

**چین**

ئێمە بردمانەوە، ئێوە دوای ئەوە هەمووتان هەستان و لاشەی سەربازەکانی رژێمتان ڕووتووقووت کردبوونەوە و هیچتان پێییانەوە نەهێشتبوو. تەنانەت جلوبەرگەکانیشیان. من تەنها وەستابووم و تەماشام دەکرد. هەموو شتەکان لە ڕاستی نەدەچوون.

**بۆکسەر**

شەیتان، ئێمە پێویستمان بە جلەبەرگ بوو. هەروەها جگەرەش.

**چین**

بەڵام لەسەر ئەو ڕێگایە لاشە کەوتبوو. پڕ بوو لە جەستەی هەلاهەلاکراو.

**بۆکسەر**

بەڵێ، وایە؟

**چین**

خەڵک بە دەموچاوی تێکشکاوەوە لەوێدا لاڵ و پاڵ کەوتبوون. هێشتا ڕۆحیان تیادا مابوو، داوای یارمەتییان دەکرد ....

## دیمەنی سێیەم

**بۆکسەر**

ئەوانەشی کە ڕزگاریان بوو و ژیانیان بەبەرەوە مابوو، هێشتا دەیانتوانی بە ڕێگادا بڕۆن، بە دەستی لە پشتەوە بەستراوەوە دابوومانن پێش خۆمان. تا ناو ئۆردوگاکەمان.

**چین**

ئەفسەرەکانمان پێیان گوتین کە بچینە پێشەوە و تف لە دەموچاوی بەندکراوەکان بکەین.

**بۆکسەر**

ئێمەش وامان کرد.

**چین**

بەسەریاندا دەمانقیژاند، شەیتانی ترسنۆک! شەیتانی شیرخۆر! شەیتانی قوز حیز!

**بۆکسەر**

کە هاتینە ناو ئۆردوگاکەوە، مۆسیڤێنی سەرکردەی هەموو سوپاکەمان لەوێ وەستابوو ....

**چین**

ئەو هەر زۆر شانازی بە ئێمەوە دەکرد. ئێمە تا بەڕێگاوەبووین یاریمان لەناو لمەکەدا دەکرد و ئێستاش بووینەتە قارەمانەکانی ئەو.

**بۆکسەر**

لەپێشدا ئەفسەرەکانی دوژمنیان بەپێوە ڕاگرت و یەک لەدوای یەک بە گوللە کوشتنیان.

**چین**

کاتێ مرۆ شتی وا دەبینێت دەیەوێت چاوەکانی بنووقێنێت، بەڵام ئێمە نەماندەتوانی چاو نەبڕینە ئەو ڕووداوە.

**بۆکسەر**

دوای ئەوە ئێمەی منداڵ لەگەڵ میۆنسیڤێنی نانمان خوارد، لەبەردەمی کەپرەکەیدا.

**چین**

مریشک.

**بۆکسەر**

من زۆر حەزم لە مریشکە.

**چین**

منیش.

**بۆکسەر**

میۆنسیڤێنی باسی ئەوەی بۆ دەکردین کە ئێمە چەند ئازاین. چەندە گرنگە لەپێناوی سەربەستی و سوپای شۆڕشی نەتەوایەتیداتێکۆشین، سوپاکەی ئەو.

ئێمەش دەبێت بەردەوام بین لە تێکۆشان تا ئەو کاتەی دەسەڵاتی سەرۆک میلتۆن ئۆبۆتە بڕوخێنین کە زاڵم و چەوسێنەرە.

**چین**

دوای ئەوە جلوبەرگی ئەفسەرە کوژراوەکانی بەسەر ئێمەدا دابەشکرد.

**بۆکسەر**

هەر منداڵە و جووتێک پۆستاڵ و کراسێکی بەرکەوت.

**چین**

ئێجگار گەورە بوون. پۆستاڵەکان تا سەر ئەژنۆمان دەهات.

**بۆکسەر**

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمەی منداڵ بەدرێژایی ئەو شەوە بەبێ ئەوەی بەخەبەر بکرێینەوە نووستین. گەورەکان پاسەوانی ئۆردوگاکەیان دەکرد.

## دیمەنی چوارەم

**چین**

بەیانی رۆژی دوایی کاتی ئەوە هاتبوو کە بەڕێبکەوین، ئێمە پێشوەخت ئەوەمان دەزانی.

**بۆکسەر**

پیاو دایم دوای هەموو پەلامارێک ئەو شوینە بەجێدەهێڵێت. مرۆ پێویستە شوین گۆڕکێ بکات، بەرلەوەی دوژمن بە سوپایەکی گەورە و هێلیکۆپتەرەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە بگەرێتەوە.

**چین**

ئەو جلە تازە جوانە دەڵبانەی بەریشمان ڕاستەوخۆ نەبوونە هۆی ئەوەی بەئاسانی بەرێگادا بڕۆین.

**بۆکسەر**

لەدوایدا هەندێک لە ئێمە، لە هیلاکی و تینوویەتی و برسێتیدا، دەستیان کرد بە گریان.

**چین**

بەڵام ئافرەتێک یارمەتی ئێمەیدا، کە تەمەنی تەنها پانزە، شانزە ساڵانێک دەبوو، ئەو لە چاو مندا گەورە بوو، ئێمە شەوی ڕابردوو لەلای میۆنسیڤێنی دیبوومان. نارۆنگۆی ناوبوو.

**بۆکسەر**

چووە لای میۆنسیڤێنی و پێی گوت کە دەبێت هەر ئێستا بووەستین. ئیتر ئێمەش ڕاوەستاین.

**چین**

فەرمانی پێداین هەر لەوێدا ئۆردوگایەکی تازە دروست بکەین و دەست بکەین بە لۆبیا و گەنمەشامی کوڵاندن.

**بۆکسەر**

هەموو یارمەتیمان ئەدا. چیلکە و چەوێڵ بێنە بۆ ئاگر کردنەوە، بەدوای ئاودا بگەڕێ. تەنها میۆنسیڤێنی لەژێر درەختێکدا دانیشتبوو، لەگەڵ چەند ئەفسەرێکدا قسە و گفتوگۆی دەکرد.

**چین**

لەناو ئەفسەرەکاندا نەرۆنگۆ، کە یارمەتی ئێمەی دا و هاوڕێ نزیکەکەشی میوکۆمیۆزی تێدابوو.

**بۆکسەر**

ئیدی جارێکیان دوژمن میکۆمیۆزییان بەدیل گرت، خۆی نەبێت، ئەگینا هەموو ئەندامانی خێزانەکەی کوژران. بە پێشی ئوتومبێلێکەوە شەتەکیاندا تا وەک قەڵخانی مرۆیی لە پەلامارێکدا بەکاری بێنن. ئوتومبیلەکە بەر نارنجۆک درا. جگە لەو، هەموو سەرنشینەکانی تر کوژران، بەڵام لەدوای

ئەو ڕووداوەوە ئیدی ناوی خۆی بیرنەدەهاتەوە. جگە لە نارنجۆکهاوێژیش، ملی بۆ هەڵگرتنی هیچ جۆرە چەکێکی تر نەدەدا، ئەو چەکەی کە جارێک لە جاران لێیگەڕابوو بە زیندوویی بمێنێت.

## چین

میوکۆمیۆزی تەنها نازناو بوو. ئەمەش مانای ڕزگارییە.

## دیمەنی پێنجەم

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

چین!

**چین**

بەڵێ، گەورەم!

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

کە قسەت لەگەڵ دەکەم رێک ڕابوەستە!

**چین**

بەڵی، گەورەم!

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

سەیری چاوم بکە!

( دەڕوانێتە چاوەکانی )

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

ئێ؟

**چین**

بەڵێ، گەورەم!

( زللەیەکی لێدەدا )

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

نابێ بگریت، باشە.

زللەیەکی ترت ئەوێت؟

**چین**

( دەزانێت کە هیچ بوارێکی نییە ) بەڵێ، گەورەم!

( زللەیەکی تری تێدەسرەوێنێت. ئەمجارەش ناگری )

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

باشە. مرۆڤ کە دایکی نەبێت ئە ئاوایە، وا نییە؟

**چین**

بەڵێ، گەورەم.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

بەم زووانە دایکێکت پێدەدرێت. لە منەوە.

( وچان. ئاماژەیەک دەکات )

**چین**

سوپاس، گەورەم.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

بەڵام ئەگەر تۆ ئەم دایکەت بەخراپی بەکاربهێنیت، ئەوا چی بەسەر دایکە ڕاستەقینەکەت هات ئەمیش ئاوهای بەسەر دێت. چیتر تۆ نامێنیت، تێگەیشتیت؟

**چین**

بەڵێ، گەورەم.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

گەر بێت و ئەم دایکە لەدەست بدەیت، ئەوە تۆ مردوویت. ئەگەر بێت و ئەم دایکەت ون بێت، من خۆم بەدەستی خۆم و بە دەمانچەکەی خۆم دەتکوژم.

**چین**

بەڵێ، گەورەم.

( ڕەشاشێک دەهێنێتە پێشەوە و دەیدات بە چین )

**چین**

سوپاس گەورەم.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

خودی خۆت لەدەست بدە، بەڵام گەر تۆ دایکت لەدەست بدەیت، ئەوە تۆ مردوویت.

**چین**

بەڵێ گەورەم.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

وەک دەبینیت ئۆزی، هەندێک لە کلاشینکۆف بچوکترە، بەڵام هێندە بەهێزە ئەتوانێ کەللەسەری دوژمن هەلا هەلا بکات.

گوللە بنێ بە سەریانەوە.

**چین**

بەڵێ، گەورەم.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

باشە. دەی ڕاکە بۆ خۆت یاری بکە.

تەقەش لە هیچ هاوڕێیەکت نەکەیت!

( وچان )

**بۆکسەر**

ئەمە وەک شتێکی ناهەموار دێتە بەرگوێی، بەڵام چەک وەک شانازی پیاو وایە، هەروەک باشترین هاوڕێ.

**چین**

ئەوەی چەکی نەبێت، ئابڕووی نییە.

**بۆکسەر**

" ڕۆحی خۆت لەدەست بدە، بەڵام هەرگیز چەکەکەت لەدەست مەدە."

**چین**

ئەوان بە شەو بە دزییەوە دەهاتن و چەکەکانی ئێمەیان دەبرد.

**بۆکسەر**

بۆ بەیانی فشاری لێپێچانەوە دەستی پێدەکرد: چیت لە چەکەکەت کردووە؟ لە دەستت داوە؟ یان فرۆشتووتە بە دوژمنەکانت؟ گەر فرۆشتووتە پارەکەت چی لێکردووە؟

**چین**

دەکەوتنە لێدانمان، هەروەک ئەوەی کە بیانەوێت ددان بنێین بە شتێکدا.

**بۆکسەر**

فڕێیان دەدایینە ناو قوڕو چڵپاوەوە و پێیان دەوتین تیایدا تل بدەین.

**چین**

"ئەوە تفەنگەکەت چی لێکردووە هەی گرگنەی هیچ تیابەستە نەبوو!"

**بۆکسەر**

دوای ئەوە چەکەکەیان دەردەهێنا کە هەر خۆیان شاردبوویانەوە.

**چین**

لێمان دەهاتنە پێشەوە و دەیانوت: ئەوەی دایکی خۆی لەدەست بدات ئاوهای بەسەر دێت.

**بۆکسەر**

کە دەنووستم قایشی چەکەکەم لە ملمەوە دەئالاند. لەگەڵ ئەوەشدا دەترسام بنووم. لەترسی ئەوەی نەوەک ئۆزییەکەم ون بێت.

## دیمەنی شەشەم

**بۆکسەر**

هەمدیسان میۆسیڤێنی بەجێیهێشتین، بەڵام لەپڕ رۆژێک سەلیم سالمی برای دەرکەوت.

**چین**

وتارێکی بەجۆشی بۆ گوتین و پەیمانی ئەوەی دا کە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا ئێمە دەسەلات دەگرینە دەست، میۆسیڤێنی سەرکردەمان، کە بە ئێمەی دەگوت پاڵەوان، لەبری ئۆبۆتە _ ی نەفرەتی دەبێتە سەرۆک کۆمار.

**بۆکسەر**

ئەوە بووە هۆی تەسکینییەکی زۆر و ئیتر ئێمە لە خۆشیدا دەستمان کرد بە گۆرانی وتن.

**چین**

چەپڵەمان لێدەدا. چەکەکانمان بەرزدەکردەوە.

**بۆکسەر**

دوای ئەوە ئامر مەفرەزەکەی خۆمان کۆیکردینەوە و ئەوەی بۆ ڕوونکردینەوە کە دەبێت ڕۆژی دوایی خۆمان ئامادەی هێرشێک بۆ سەر یەکێک لە ئۆردوگاکانی رژێم کە چوار کیلۆمەتر لێمانەوە دوورە، بکەین.

**چین**

ئێمە لەوێدا وەستابووین و تەماشای یەکترمان دەکرد، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێین.

**بۆکسەر**

بەڵێ.

**چین**

دوای ئەوە دەستم کرد بە خۆسازکردن. لەپێشدا ئۆزییەکەم ئامادەکرد. دوای ئەوە جلە سەربازییەکانم قارس کرد. کە لەبەرم کردەوە، ئاسانتر بوو پێوەی بڕۆم. ئەمەش یارمەتی ئەوەی دەدام تەقەمەنی زیاتر لە خۆم بەستم، بەمەش زیاتر دڵنیا دەبووم، لەبەرئەوەی من لەوەوبەر بیستبووم، چەندە تەقەمەنی زیاتر لەگەڵ خۆت ببەیت، شانسێکی زیاترت دەبێت کە بۆ شەڕی داهاتووش بە زیندوویی بمێنیتەوە.

**بۆکسەر**

دوای ئەوە هەر وا خۆت پیشانبدە کە گوی نادەیتێ.

**چین**

بەڵێ.

**بۆکسەر**

ژنێک بە ئێمەی گوت هەوڵ بدەین بنووین، لەبەرئەوە لەنێو گیاکەدا جێگامان بۆ خۆمان داخست. بەڵام من نەمتوانی بنووم. وا بزانم لەبەر مێشوولە بوو.

**چین**

هەموو شەوەکە بیرم لەوە دەکردەوە کە من پێویستە هەست بە چی بکەم. لەوێدا ڕاکشابووم و سەیری ئەستێرەکانم دەکرد و هەوڵم دەدا لەو هەست و سۆزانە نزیک ببمەوە کە دەبێت بیانناسم، ئە ئاوا لەو ساتەوەختەدا. چەند کاتژمێرێک بەر لە خوێنڕشتن.

**بۆکسەر**

زۆر سەیر بوو. ئێمە وەک دوو مرۆڤ وابووین. لە ناوەوەماندا مرۆڤێکی پیر پیر هەڵدەکشا و هەوڵی دەدا دەست بگرێت بە سەرماندا.

**چین**

هێشتا هەر شەو بوو بەرەو ڕووی دوژمنەکانمان بەڕێکەوتین. لەژێر ڕووناکی ئەستێرەکاندا دەمانتوانی هاوریکانمان ببینین کە لە شوێنەکانی خۆیاندا وەستابوون و لەو ئۆردوگا هێمنە نووستووەیان دەڕوانی.

**بۆکسەر**

پیاو خۆی دەدات بە زەویدا و لێدەگەڕێت مێشولە بیخوات، بۆی نییە بجوڵێتەوە تا یەکەم دەسڕێژ دەکرێت. ئاماژەی تەقەکردن و کوشتنی هەموو رۆحلەبەرێک کە لەو ئۆردوگا نەگریسەدایە.

**چین**

پیاو و ژن لەژێر کەپرەکانیانەوە دەردەپەڕینە دەرەوە. پێکەوە دەکەوتن. هێشتا ڕوت و قوت بوون و جلەکانیان بە دەستەوە بوو. بزنەکانیش لە دەنگی تەقەکە خەبەریان بووبووەوە و وەک ئاژەڵی کێوی کەوتنە بارەبار. بە بەردەوام لەناو تەقینەوەکاندا گوێمان لە بارەی بزن، هاواری مرۆڤ و جیکەجیکی مریشکەکان بوو.

**بۆکسەر**

سێ یان چوار سەعات تەقەمان کرد، تا دەهات زیندووەکان کەمتر و کەمتر دەبوونەوە، هاواریش لە ئۆردوگاکەوە کپ و بێدەنگتر دەبوو. دوای ئەوە ئێمە لە شوێنی حەشارگەکەمانەوە، لەناو دارستانەکانەوە هاتینە دەرەوە و چووینە ژوورەوە.

**چین**

جەستەی مردوو لە هەموو شوێنێک کەوتبوو. بزن، مریشک و مرۆڤ لەو ناوەدا بڵاو بوو بوونەوە.

**بۆکسەر**

هەموو چەکەکانمان کۆکردەوە و چەندیش پێمان هەڵدەگیرا خواردنمان هێنا و دەستی ئەو بەندانەشمان لە پشتیانەوە بەستەوە کە نەکوژرابوون و ڕزگاریان بووبوو.

**چین**

کە گەڕاینەوە ئەوەی بە چاوی خۆم بینیم جەستەی منی بەتەواوەتی سڕ کرد.

**بۆکسەر**

فەرمان بە بەندکراوەکان درا گۆڕەکانی خۆیان هەڵبکەنن و بەسەریاندا دەمانقیژاند تا هیچ گوللەیەکی بەنرخیان تێدا خەسار نەکرێت.

**چین**

دوای ئەوە پیاوێک بە گۆپاڵێکەوە هات. یەک بەدوای یەک هەموویانی بەشێوەیەک دەکوشت کە بکەونە ناو گۆڕە هەڵکەندراوەکانەوە.

## دیمەنی حەوتەم

**بۆکسەر**

هێرشیک ....

**چین**

وەک ئەوە وایە بەنێو تەمدا ڕابکەیت.

**بۆکسەر**

هەمیشە لەدەوروبەری یەکێکدا ڕوودەدات بەبێ ئەوەی پیاو بزانێت ئەوە چییە.

**چین**

هەموو ژیانی سەربازیی منداڵ ئاوایە.

مرۆ برسییەتی. دەترسێ و لە دڵەڕاوکێدایە. هەروەک ئاژەڵێک. بەردەوام دەڕوانین بۆ ئەوەی بزانین سەرکردەکەی چۆن رەفتار دەکات.

**بۆکسەر**

وەک سەگ.

**چین**

که خاوەنەکەت دەڵێت " دانیشە!" ئەوە دادەنیشین. خاوەنەکەت دەڵێت:"پەنابە!" خێرا خۆمان ئەدەین بە زەویدا، تەنانەت گەر تەغارێکیش گوو لەوێدا کەوتبێت.

**بۆکسەر**

دوایی شەیتان بە نەفرەت بێت هەمووومان قاقا بەوە پێدەکەنین.

**چین**

هەردەم هەر وابووە. پیاو هەر وەک شتێکی ئۆتۆماتیکی لێدێت. هیچ کاتێکی بۆ هەستکردن نەبووە.

**بۆکسەر**

وەک فەرماندەش دەیگوت، بێ مانابیە کە تۆ هەست بکەیت. مەبەست ئەوە بوو تۆ پێویستە ئەو شتانە بکەیت کە پێت سپێردراوە.

**چین**

ئێمەش هەر وامان دەکرد.

## دیمەنی هەشتەم

**چین**

ئێمە جارێکیان چووینە گوندێکەوە.

**بۆکسەر**

وا ڕاهاتبووین ئەو گوندانە هێمن بن کە دەچووینە ناویانەوە. خەڵکەکانی ئەویَ پشتگیری ئێمەیان دەکرد. ئەوان ڕقیان لە سەرۆک ئۆبۆتۆ بوو. بەرەو ڕوومان ڕایان دەکرد و دڵخۆشی خۆیان دەردەبڕی و دیارییان پێشکەش دەکردین.

**چین**

کە بۆمان نەبوو لێیان وەربگرین.

**بۆکسەر**

وا راهاتبووین کە بە وردی چاو بگێڕین و بەدوای قەناسدا بگەڕێین. ئەمە هەموو شتێک بوو.

**چین**

بەڵام ئەم جارەیان هەر بە تەواوەتی بێدەنگ بوو.

گوندەکەش کش و مات بوو.
جەستەی مردوومان بینی کە لەو ناوەدا کەوتبوون.
لە هەموو لایەک.
مندالٌ، گەورە، ژن، پیاو، لەم سەر تا ئەوسەر.
ئەمە یەکەمجار بوو من ببینم مەرگ پەلاماری ئەوانەی خۆمانی دابێت.

**بۆکسەر**

کە بەناو ئەو گوندە بێدەنگەدا دەڕۆیشتین، لەپڕ گوێمان لە دەنگی هێلیکۆپتەرێک بوو.

**چین**

هەموومان خۆماندا بە زەویدا. بە زووترین کات خۆمان شاردەوە.
دوای ئەوە بارانی گوللە دایکرد.
( تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە تە !)

**چین**

کە هێلیکۆپتەرەکە ڕۆیشت و لەو ناوە ون بوو من هەستامە سەرپێ، بۆ ئەوەی بزانم هەست دەکەم بە خۆم و هیچ شوینێک لە: باڵەکانم، هەردوو قاچم، هەردوو قۆڵم پێوە ماوە.
دوای ئەوە سەیری چواردەوری خۆمم کرد، بۆ ئەوەی بزانم هاوڕێکانم ماون، لەو کاتەدا ئەوم بینی.
ڕامبۆ لەوێدا کەوتبوو، بەتەواوەتی بێجووڵە، هەروەک ئەوەی نووستبێت. من هەوڵمدا دەستی تێوە بژەنم بۆ ئەوەی خەبەری بکەمەوە، بەڵام ئەو نەجووڵایەوە. ئێمە چەند کەسێک بە چواردەوریدا

وەستاین و دەستمان کرد بە گریان. دوای یەک یان دوو دەقیقە سەرۆک دەستەکەمان لەو ناوە دووری خستینەوە.

**بۆکسەر/ سەرۆک دەستە**

مردووە. با بڕۆین.

**چین**

بەڵێ.

**بۆکسەر**

ڕامبۆ تەمەنی تەنها نۆ، دە ساڵ دەبوو.

**چین**

هەر هەموویان بیریان لە هەمان شت دەکردەوە...

**بۆکسەر**

... ئەمجارە بێتەوە نۆرەی منە.

( قنگە جگەرەکە دەردەهێنێتەوە، سەرلەنوێ دایدەگیرسێنێتەوە. دەیدا بە چین. چەند مژێکی لێ دەدەن. )

**چین**

ئەو ساتانەی لە شوینێکدا دەوەستاین، چەند کەسێک، پێکەوە جگەرەیەکمان دەکێشا. کاتێکی هێمنمان بەسەر دەبرد. هەر زۆر خۆشیش بوو.

**بۆکسەر**

دانیشتبووین و باسی ئەوەمان دەکرد کە لە جاری پێشوو خراپتر نابێت. جاری داهاتووش رزگارمان دەبێت.
( وچان )
بەڵام چیمان بینی.
( جگەرەکە دەکوژێنێتەوە )

**چین**
هەموو یەکێک لە ئێمە هەموو ڕۆژێک بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن بتوانین هەڵبێین.

**بۆکسەر**
هەر ئەوە بوو کە ... کوڕێکمان دیبوو هەوڵی ڕاکردنی دابوو، گرتیانەوە. کوشتیان.

**چین**
ئاوها بوو.
( وچان )
کوڕێکم دەناسی فەرمانی پێدرا هاوڕێکەی خۆی بکوژێت، کە هەوڵی ڕاکردنی دابوو.
هاوڕێکەی خۆی کوشت
ئەویش دوای ئەوە چوو و گوللەیەکی نا بە خۆیەوە و خۆی کوشت.

**بۆکسەر**
" فەرمانەکە بەجێبهێنە و پاشان بیربکەرەوە." تەنانەت گەر مەسەلەکە کوشتنی نزیکترین هاوڕێشت بێت.

## دیمەنی نۆهەم

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

چین!

**چین**

بەڵی، گەورەم!

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

وەرە بۆ ئێرە!

**چین**

بەڵێ، گەورەم!

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

( بەندکراوێکی پیشان دەدات ) سەیرێکی ئەم عیبرەتە بکە.

**چین**

بەڵێ، گەورەم!

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

دەستەکانی بەباشی لە پشتەوە بەستراونەتەوە؟

**چین**

بەڵێ، گەورەم!

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

فەرمانی پێ بدە با بکەوێتە سەر چۆک.

**چین**

بەڵێ.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

فەرمانی پێبدە بچێتە سەر ئەژنۆ!

**چین**

بکەوە سەر ئەژنۆ![3]

( جارێکی تر دووبارەی دەکاتەوە )

بکەوەرە سەر ئەژنۆ![4]

( گیراوەکە فەرمانەکە بەجێدەهێنێت )

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

بیکوژە!

---

[3] و 4

لە تێکستەکەدا ئەم دوو دێڕە بە ئینگلیزی نووسراوە.

**چین**

چی؟؟

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

بیکوژە!

( چین بۆ ساتیکی کورت، بەڵام بێکۆتا دەوەستێت، بەبێ ئەوەی بزانێت پێویستە چی بکات. دوای ئەوە تەقەی لێدەکات. هەر بە ڕاستی دەیکوژێت.)

**چین**

پانگ.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

زۆر باشە، چین.

**چین**

سوپاس.

( وچان )

زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوم، هەر بە ڕاستی پێکەنیم. بەختیار بووم بەوەی ئافەرین کرام.

**بۆکسەر**

تۆ بەو شێوەیە چوویتە ڕیزی بەجەرگ و چاونەترسەکانەوە.

لە سەرپەلیی نزیک بوویتەوە.

( ئەو بە شێوەیەکی پێزانین تەماشایەکی چین دەکات ) مەرحەبا!

تۆ ئازاترین کوڕی جەنگەڵەکەیت![5]

**دیمەنی دەیەم**

**چین**
( لە ئەتمۆسفێرێکی نوێدا ) لە دێیەک ...

**بۆکسەر**
ناوی لیوکایا بوو.

**چین**
ئێمە بۆ یەکەمجار، پشوویەکمان لە شەڕ وەرگرتبوو. لەژێر درەختێکدا دانیشتبووین و پشوومان دەدا.

**بۆکسەر**
جگەرەیەکی لەو چەشنەشمان کێشا.

**چین**
ئەو کاتە تەمەنم هەر 10 – 11 ساڵان دەبوو.

**بۆکسەر**
سێ ئافرەت لێمان هاتنە پێشەوە، ئێمەش سێ کەس بووین، ئەوان دەیانویست لەگەڵیان بڕۆین بۆ مەیخانەیەک.

---

[5] ئەم دێڕە لە تێکستەکەدا بە ئینگلیزی نووسراوە.

**چین**

ئەوان وایاندەزانی ئێمە هەمووەمان کوڕین، من ئەوەم تۆزێک پێ خۆش بوو.

**بۆکسەر**

( دەتلیقێتەوە )

**چین**

خواردنەوەیان بۆ بانگکردین، ئەوە یەکەم جار بوو ئێمە مەی بخۆینەوە.

**بۆکسەر**

بە شێوەیەکی ناقۆڵا سەرخۆش بووین.

**چین**

ئیتر ئەوان دەستیان کرد بە دەست درێژ کردن بۆمان.

( خۆی لەو نەبزگرتنەی بۆکسەر/ ئافرەتەکە دوور دەخاتەوە )

**بۆکسەر/ ئافرەتەکە**

لەو بڕوایەدام ئەم کوڕە قنجیلانەیە کەمێک لە ژن بترسێت!

( پێکەنین )

قەت نەتکردووە، وا نییە؟

**چین**

نەخێر.

**بۆکسەر/ ئافرەتەکە**

ئەوە هیچ جێگای مەترسی نییە، خۆت دەیبینیت. من هەموو شتێکت فێردەکەم. تا دواتر دەبیت بە پیاوێکی تەواو، ئەمە گەوجی نییە، وا نییە؟ چیتر تۆ کوڕێکی قنجیلانە نیت، بەڵکو دەبیت بە پیاوێکی ڕاستەقینە و بەهێز و خاوەن ئەزموون.

**چین**

ئەو ژنە بەو شێوەیە لەسەری ڕۆیشت. هەموو جارێکیش کە هەوڵی ئەدا دەست بخاتە نێوان ڕانەکانمانەوە، من خۆم دەکێشایە دواوە.

**بۆکسەر**

ئەوانیش زیاتر و زیاتر سەرخۆش دەبوون، هەروەها ئێمەش، تا لەدوایدا هەر بە تەواوەتی ئاگریان تێ بەر بوو بوو.

**چین**

ئێوە هەر ئێستا دەبێت وازبێنن!!!

**بۆکسەر**

لەپڕ لەوێدا بەپێوە وەستابووین، چەکەکانمان لەو ژنە قەیرە سەرخۆش و هەوەس هەڵساوانە هێنابووە سەرپێ.

**چین**

ئێوە لاقەی ئێمە ناکەن!

دەست هەڵبرن!

( بۆکسەر هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوە )

بچنە سەر چۆک!

( بۆکسەر لەسەر ئەژنۆ دەکەوێت )
دەتانەوێت بمرن؟

**بۆکسەر/ ژن**
میهرەبان بە، تکایە! تەقە مەکە! تەقە مەکە!

**چین**
دەست بەرزبکەنەوە! دەمتان داخەن!

**بۆکسەر**
( هەڵدەستێتە سەرپێ ) دواتر یەکێک ئەفسەرێکی بانگکردە ئەوێ. ئەویش هات، بەڵام بەتەواوەتی پارسەنگی تێکچووبوو.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**
ئێ مەسەلەکە چییە؟

**چین**
ئەمانە هەوڵیاندا دەست درێژیمان بکەنە سەر.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**
لەبەر ئەو شتە هێمن بەرەوە.
وەرە با بچین بۆ دەرەوە.
( وچان. بە جیا لە پەناوە )
خەریک بوو لاقەی ئێوە بکەن؟؟

**چین**

بەڵێ.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**
لاقەی تۆش؟؟

**چین**
بەڵێ گەورەم.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**
ئەوان دەیانزانی کە .....؟

**چین**
نەخێر گەورەم.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**
( زۆر بە خۆشییەوە ) ها ها ها هە ها هە ها هە ها هە! ...
( دەکێشێت بە پشتیدا ) کوڕی کوڕ! لە کچان دەترسیِ، ها؟ لە کچان دەترسیت؟
( وچان )
شەیتان، با ئێمە ئێستا بیرەیەک هەڵدەین.

**چین**
لەوێوە بەرەو مەیخانەیەکی تر ڕۆیشتین.

**بۆکسەر/ ژن**

تۆ زۆر شیرینی، کوڕە قنجیلانەکەم. ئا ئەو زەردەخەنە سپییە، من شێت و شبر دەکات، لێم تێدەگەیت؟ من عاشقم.
بەڵام تۆ دەترسیت، ها؟

**چین**
من خەریک بوو بە هەردوو تۆپە گەورەکەی سەر سینگی تێکوپێک بشکێم. کە ئەفسەرەکە بۆی باسکرد کە من چیم.

**بۆکسەر/ ژن**
وەرە ئێرە هەی قەحبەی بچکۆلە! وەرە ئێرە! ها؟

**چین**
جگە لەو ژنە، هەموویان پێکەنین.
( وچان )
بەڵام بەلای منەوە ئەوەندە مایەی خۆشی نەبوو. خۆم دزییەوە، دانیشتم و سەیری ئەستێرەکانم دەکرد، هەستم دەکرد تەنهاترین کەسی دونیام.

**بۆکسەر**
دەک بە نەعلەت بێ شەیتان کە تۆ بیرت لە شتی وەها دەکردەوە. من تەنها بیرم لەوە دەکردەوە کە برسیمە.
نەخێر، بەهیچ شێوەیەک بیرم لەوکاتانە نەدەکردەوە. من بەتەواوەتی خەیاڵم ڕۆیشتبوو.
( وچان )
لەگەڵ هەموو شتێکدا تۆ دایک و باوکت هەبوو.

**چین**

ئەوە تەنها شتێک بوو منی لە زوربەی ئەوانیتر جیا دەکردەوە.

**بۆکسەر**

دایک و باوکیشی لە ژیاندا مابوون. ئەو دەشیزانی ئەوان لەکوێن.

**چین**

ئێوە دەتانویست تۆڵەی دایک و باوکە مردووەکانتان بکەنەوە. بەڵام مەسەلەکە بۆ من وا نەبوو.

**بۆکسەر**

تۆ دەتویست خۆت بۆ سەربازێکی باش و بەجەرگ ڕابهێنی.

**چین**

ئا.

**بۆکسەر**

تا بتوانیت باوکت بکوژیت.

**چین**

ئا.

**بۆکسەر**

ئەی خوایە کە من ئیرەییم پێدەبردیت.

## دیمەنی یانزە

**چین**
باوکم دەوڵەمەند و خاوەن بڕوانامە بوو. بەڵام شێت بوو. کە من تەمەنم تەنها شەش مانگان بووە دایکمی دەربەدەر کردبوو، ئافرەتێکی دڵڕەق و جوانی مارە کردبوو. من لەو بڕوایەدا بووم کە ئەوە دایکی ڕاستەقینەمە.
( بۆکسەر ڕۆڵەکە وەردەگرێت )
ڕۆژێک، بەر لە چەند ساڵێک کە من لە ماڵەوە ڕابکەم، لەبەردەمی دەرگای ماڵەکەمان دانیشتبوو، ئاوێنەیەکی بەدەستەوە بوو. ئەو لەو ئاوێنەیەدا سەیری دەموچاوە جوانەکەی خۆی دەکرد و لەهەمانکاتدا ڕوخساری خۆی ناشرین دەکرد، هەندێک جار لە قیژەی جۆراوجۆری بێدەنگ دەچوو.

**بۆکسەر/ باوەژن**
تۆ ئێستا باسی ئەوە ناکەیت کە من لێم داویت. ئەوە هەر قەزا و قەدەر بوو، ئەوەت لەیاد بێت.

**چین**

ئا.

**بۆکسەر/ باوەژن**
لەفافێکی جوانم بۆ بەستیت، وا نییە؟

**چین**
مم.

**بۆکسەر/ باوەژن**
تۆ دەبێت خۆشحاڵ بیت بەوەی من دارکاریم کردوویت نەک باوکت. ئەو زۆر خراپتر حەسیرمەیانت دەکات.

**چین**
برسیمە.

**بۆکسەر/ باوەژن**
وا نەڵێیت. تۆ هیچ ناکەیت لەوە زیاتر کە نان لە ئێمە بدزیت.

**چین**
باوەژنەکەم ڕقی لە من و براکەم و خوشکە گەورەکانم بوو. هەموو ئەو منداڵانەی کە هی ئەو نەبوون.
باوکیشم بەڕاستی کابرایەکی زۆر دڵڕەق و بێبەزەیی بوو. جارێکیان خەریک بوو ریچاردی برام بکوژێت.

**بۆکسەر/ باوک**
ئەی ئاژەڵی دزی قوڕمساخ.

**چین**

باوکم جارێکی تر هەر بەڕاستی شوانێکی کوشت کە کاری بۆ ئێمە دەکرد. ناوی میکائیل بوو. هەڵبەت ئەو بێگوناه بوو.

**بۆکسەر/ باوک**

کە پۆلیسەکان هاتن من پێم وتن ئێمە بەسەر تاوانەکەیەوە گرتوومانە، دەمانویست بیگرین، بەداخەوە ئەو هێندە بە توندی بەرهەڵستی کردین بە سەختی بریندار بوو.

**چین**

بەڵام من پۆلیسێکم بردە لاوە و ڕاستییەکەم بۆ گێڕایەوە.

**بۆکسەر/ باوک**

تۆ ئاوا ئەو کەتنەت کرد؟

**چین**

باوکم لە بەندیخانە توند کرا.

تۆڵە سەندنەوەیەکی ئێجگار خۆش بوو. ئەو شەوە ئەو لێدانی دەخوارد، نەک من.

**بۆکسەر/ باوک**

تۆ بوویت!؟ تۆ هەرگیز باسی ئەمەت نەکردووە.

**چین**

نەخێر، بۆ تۆم باس نەکردووە.

( وچان )

له ماڵی ئێمه له شار ئەو دۆزەخە هەر بەردەوام بوو، یەک لەدوای یەک خوشکەکانم وەک نارەزایی ماڵەکەیان چۆڵ کرد. بەڵام باوکم هەر هیچ بەخەیاڵیدا نەدەهات.

**بۆکسەر/ باوک**

ئا، بەڵێ وایە، کەی بە دڵیان نەبوو سەری خۆیان هەڵدەگرن و دەڕۆن. بەڵام دوایی، کە زەوی لەژێر قاچەکانیاندا دەسوتێت، ئەوسا دەگەڕێنەوە، دەپارێنەوە و داوای یارمەتی دەکەن.

**چین**

بەرێوەبەری قوتابخانەکەمان پێی وابوو کە من لە قوتابخانە زیرەکم و لەبەرئەوە دەتوانم لە ماڵی ئەوان بژیم. بەڵام بۆم نەبوو. کە پشووی هاوین دەستی پێکرد من ون بووم، دەمزانی دایکە ڕاستەقینەکەی خۆم لە کوی دەژی. بڕیاری خۆمم دابوو، من هەرگیز جارێکی تر ناگەرێمەوە و بۆ یارمەتی ناپاڕێمەوە.

## دیمەنی دوانزە

**بۆکسەر**

سڵاو لە ئێوە ئەی ئازادیخوازان[6]!

**چین**

ئەو گۆرانییە بوو کە دەمانگووت بۆ ئەوەی ورەمان بەرزبێتەوە. یان یەکێک بوو لەوانە.

**بۆکسەر**

ئازادیخوازەکان _ ئێمە بووین!

**چین**

میۆکۆمیۆزی؟ ئەو ئافرەتەی بە ڕزگارکەر بانگ دەکرا، مردبوو.

**بۆکسەر**

ئەو هەمیشە، ئارپیچی بەکاردەهێنا، بەپێوە دەوەستا و لە سێبەندەیەوە تەقەی دەکرد.
ئە ئاوا پیاو بە ئاسانی دەپێکرێت.

[6] ئەم دێڕە لە تێکستەکەدا بە ئینگلیزی نووسراوە.

**چین**

که نەرۆنگۆ، هاوڕێ نزیکەکەی تێگەیشت چی ڕوویداوە، شێت و هار بوو، بەسەر درەختێکدا هەڵگەڕایە سەرەوە، لەسەر دارەکە دانیشت و بەو سەرەوە شێتانە بەهەر چوار لادا تەقەی لە دوژمن دەکرد.

**بۆکسەر**

هەوڵماندا بیهێنینە خوارەوە، بەڵام ئەو بە قسەی نەکردین. ئێمە ناچاربووین پاشەکشێ بکەین.

**چین**

کەس ئەوی نەدیبوو بپێکرێت، بەڵام کە لە ئۆردوگاکەمان کۆبووینەوە ئەومان لەگەڵ نەبوو.
( وچان )

**بۆکسەر**

شەڕێکی گەورە و ترسناکیش لەبەردەمدا بوو.

**چین**

ئێمە لە کەمپالای پایتەخت نزیک دەبووینەوە. خەریک بوو دەسەڵاتمان دەگرتە دەست.

**بۆکسەر**

سەرەتا دەبێت بەسەر ئەو پردەدا بپەڕینەوە.

**چین**

پردێکی بچوکی باریک بەسەر ڕووبارێکدا کە ناوی کەتۆنگا_ یە.

**بۆکسەر**

لە هەردوو لاوە لەشکرێکی گەورە لە ئامادەباشیدایە. لەوبەرەوە لەشکری ڕژێم و لەم بەریشەوە ئێمە.

**چین**

چوونە سەر ئەو پردە خۆکوژی بوو.

**بۆکسەر**

یەکەم هێرش ڕۆژێک لە ماوەی خۆی دواکەوت، چونکە ئەفسەرەکان زۆر سەرخۆش بوون.

**چین**

هەر زۆر دەترسان. بێگومان.

**بۆکسەر**

بەهەرحاڵ نەشدەکرا.

**چین**

دوای ئەوە بۆ ماوەی چوار مانگ، بەبێ ئەوەی هیچ ڕووبدات، لە نزیک ئەو پردەوە لە خەندەقدا بووین.

**بۆکسەر**

لەپڕ فەرمانەکە هات: دەبێت لەماوەی دوانزە کاتژمێردا بەسەر کەتۆنگادا بپەڕنەوە.

**چین**

هەر زۆر دژوار بوو. دوژمن لەوبەرەوە چەک و تەقەمەنییەکی ئێجگار زۆریان پێبوو. دەبێت سەربازە منداڵەکان لە پێشی پێشەوەش برۆن.

**بۆکسەر**

ئا، هەموو شتێک بە دڵی خۆمان دەبێت. ئەوان هیچ شانسێکیان بەرامبەر بە ئێمە نییە!
تێدەگەیت؟ کچە بچکۆلەکە، هیچ شانسێکیان نییە[7].

**چین**

من بچوک نیم!

**بۆکسەر**

دەزانم، دەزانم، سەرتیپەکەمان.

**چین**

ئێمە بەسەر پردەکەدا ڕۆیشتین. هەموو ئەو دۆڵەی کە ئەو پردە بچوکەی بەسەرەوە بوو تەقییەوە، وە تۆش مردیت.

**بۆکسەر**

چی؟؟

**چین**

[7] لە تێکستەکەدا ئەم دێڕە بە ئینگلیزی نووسراوە.

تۆ لەوێدا کەوتبوویت و هاوارت دەکرد و داوای یارمەتیت دەکرد. مەبەستم تۆ نییە، ئەوەی کە لەوێدا گوتی، تۆزێک لەمەوبەر تۆ گوتت: ئەوان لەبەردەمی ئێمەدا هیچ شانسێکیان نییە، ئەو مرد، کوژرا. من هیچ بوارێکم نەبوو کە یارمەتیت بدەم. بەردەوام هەر بەرەوپێشەوە هەنگاومان دەنا.

**بۆکسەر**

من نەمردم!

**چین**

نەخێر، مەبەستم تۆ نەبوو، ئەوەی ووتی، ئەوان هیج شانسێکیان بەرامبەر بە ئێمە نییە.

**بۆکسەر**

باشە، باشە.

**چین**

ئەو مرد. ناوی هێرش فەرماندە بوو.

( وچان )

ئەری تۆ، تۆ لە کوێ بوویت؟

**بۆکسەر**

بەتالیۆنی چوارەم. ئێمە لە باشووری باشوور بووین.

**چین**

ئێمە ڕاستە و ڕاست بەرەو پێشەوە ڕۆیشتین، لەکاتێکدا ئاسمان دەتەقییەوە و هاوڕێکانیشمان بە چواردەورماندا و لە هەموو لایەکەوە دەکەوتن.
بەڵام ئێمە بردمانەوە.
دوای ئەوە بینیم چۆن هەندێک لە ئێمە هێشتا ڕۆحیان تیادا مابوو، وەستابوون و لە داخی هەموو ئەوانەی کە مردبوون، لەقەیان لە لاشەی دوژمنەکانمان ئەدا.

**بۆکسەر/ هاوڕێ**

هەر ئێستا دەتکوژم!  هەتیوە سەگە!

**چین**

بەڵام مردووە.

**بۆکسەر**

دەتکوژم! دەتکوژم!

**چین**

ڕێگای چوونە ناو کەمپەلاوە، پایتەختەکەمان، دوای شەڕی ئۆبۆتێ بوو. لە هەموو لایەکەوە لاشە کەوتبوو. من هیچ هەست و سۆزێکم بەرامبەر بە دوژمنەکانمان نەمابوو. ئەوان هێرش فەرماندەیان کوشت. هەروەک ئەوە وابوو کە مەرزێکم شکاندبێت. من ئێستا پێویستم بە هەر دە پەنجەکانی دەستمە، بۆ ئەوەی بتوانم هاوڕێ کوژراوەکانم بژمێرم.
( وچان )
من بڕیارێکمدا: پێویستە ئێستا ببمە پیاوکوژێکی تەواو.

**بۆکسەر**

ـ پیاوکوژێک ـ

**چین**

گەر من تەنها بمتوانیبایە. بەڵام دڵنیا نەبووم لەوەی کە دەمتوانی وا بکەم.

## دیمەنی سیانزە

**بۆکسەر**

کە ئێمە چووینە کەمپالاوە هەموو لەوێ بوون.

**چین**

مرۆڤ لە هەموو شوێنێکدا هەڵپەڕکێ و چەپڵەڕێزانیان بوو. سڵاو لە ئێوە ئەی ڕزگاریخوازان![8]

لاشە و ئەسیر و گیراوەکانی دوژمنیش ئەو ناوەیان تەنی بوو.

**بۆکسەر**

من دێتەوە یادم کە چۆن بە کڵاشینکۆفەکەی دەستمەوە ڕاوەستابووم، هێندە دەترسام لەوانە بوو بەرامبەر بە دوژمنێکی بێ چەک میزم بە خۆمدا بکردایە، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو هەر زۆر درێژ بوو.

**چین**

[8] لە تێکستەکەدا ئەم دێڕە بە ئینگلیزی نووسراوە، ئەمەش گۆرانییەک بووە کە لەو بۆنانەدا ووتویانە.

ئەوان ژمارە لە نێوچەوانیان کوترابوو. هەموو سەربازێک ژمارەی تایبەتی خۆی هەبوو.

**بۆکسەر**

لەگەڵ ئەوەشدا زۆر خۆش بوو، چونکە هەر هەموو بەختیار و دڵخۆش بوون، وەک ئەوەی هەرگیز شەڕ نەبووبێت، هەموو هەر سەیری بەرپێی خۆیانیان دەکرد.

**چین**

من بیرم لەو بەڵێنانە دەکردەوە کە میۆسیڤێنی پێیدابووین: گەر ئەو بردییەوە ئەوە ئێمە خانویەک وەردەگرین، پارە وەردەگرین، بڕوانامەی باش وەردەگرین. بەڵام شەڕ هەر بەردەوام بوو.

## دیمەنی چواردە

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

چین!

**چین**

بەڵی، گەورەم!

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

بەرەو باکوور بەڕیکەون.
لەو دەوروبەرە دوژمن ماوە بشکێنرێت.

**چین**

( هەناسەیەکی نائومێدانە )
لەم ساتەوە تەنها یەک شت لە مێشکمدا بوو: ڕابکەم و خۆم بگەیەنمە ماڵەوە بۆ لای دایکم.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

ئاوا، ئێستا وەرە!

**چین**

یەک مانگ و پێنچ شەڕ و دواتر فرسەتێکم بۆ هەڵکەوت. قنە جگەرەیەکی نیوە کێشراوم هەڵگرتەوە، قووتم دا و لە سەرکردەکەمان چوومە پێشەوە و ڕشامەوە.

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

( ئەویش لەبەر پیسیی ڕشانەوەکەی چین دەڕشێتەوە )
پێویست دەکات تۆ ئاوا پیس و دزێو بیت!

**چین**

نەخۆشم! تووشی مەلاریا بووم!

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

( دەست دەخاتە سەر ناوچەوانی ) بەڵام تۆ تات لێ نەهاتووە.

**چین**

تا م نییە؟

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

ها، هەوڵ دەدەیت خۆت وا پیشان بدەیت نەخۆشی تا بڕۆیت بۆ بارەگای سەرەکیی؟

**چین**

نەخێر ....

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

ئەوە لەبیر خۆت بەرەوە، خۆت بدە بە زەویدا.

**چین**

چی؟

**بۆکسەر/ ئەفسەر**

پەنا!

( ئەو ڕاستەوخۆ بە قسەی دەکات )

هەر وەک بەراز تەپاوتل بدە.

( ئەو بە قسەی دەکات )

ئا ئەمە فێری ئەوەت دەکات واز لە ساختەچێتی بهێنیت.

**چین**

مندالە سەربازێکی تر کە بەتەواوەتی قۆشمەچی بوو.

**بۆکسەر**

ئەوە من بووم!

**چین**

منی بەوە هەڵخەڵەتاند گەر پیاو میزی خۆی بخواتەوە تای لێدێت. منیش تاقیم کردەوە.

**بۆکسەر**

( دەقریوێتەوە )

**چین**

( تەنها یەک قەترە، پیاو نابێت لەوە زیاتر بخواتەوە )

شەیتانی گێل! شەیتانی گواویی! ( هەوڵ دەدات بیدات بە زەویدا )

**بۆکسەر**

ئەوە هەر گاڵتە بوو! گاڵتە! من هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم تۆ باوەڕم پێبکەی! تێبگە! هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم باوەڕم پێبکەی!

**چین**

ڕۆژی دوایی لۆرییەکم دۆزییەوە دەچوو بۆ کەمپەلا، شۆفێرەکەم قایل کرد لەگەڵیا بڕۆم، بۆی دەرچووم.

**بۆکسەر**

دەتەوێت لە سوپا فیرار بکەیت؟

**چین**

وایە، قوڕمساخی پیس.

## دیمەنی پانزە

**چین**

پلانەکەم ڕوون و ئاشکرا بوو: لە پێشدا بچمە مباراره، شارەکەی باوکم، دوای ئەوە بچم بۆ لای دایکم.

**بۆکسەر**

تۆ بە گیرفانی پڕ لە پارەوە، هاتیت بۆ مباراره، چوویتە خوارەوە بۆ لای قوتابخانە کۆنەکەتەوە و سەیری ماڵەکەی باوکت کرد، کە تا ئەو کاتەش بەسەر گردەکەوە مابوو، گەورە و جوان.

**چین**

لەوێدا وەستابووم و بیرم لە باوکم و باوەژنەکەم دەکردەوە، پەنجەم ڕووبەڕووی ئەوان لەسەر پەلەپیتکەکەم دانابوو.
بەڵام کە بڕیاری تەواوەتیمدا بچمە سەرەوە و دەست بەجێ هەردووکیان بکوژم، نەمتوانی. هەموو جەستەم ڕەق بوو، بەهیچ شێوەیەک نەمتوانی خۆم بجوڵێنم، تەنها لەوێدا وەستابووم، دەلەرزیم و گریام.

**بۆکسەر**

شەوێش یولیوس بروسیت بینی کە لە کەتۆنگە پێکەوە شەڕتان کردبوو.

**چین**

بروسی ... ئەمرۆ دەمویست باوکم بکوژم، بەڵام نەمتوانی. لە هەموو ژیانمدا ڕقم لەو دەبووەوە، ئەو و باوەژنەکەم. من کە سەربازم، دەبوایە بمتوانیایە.

منێک کە قینم دەبووەوە و دەمویست ئەوان منیان خۆش بویستایە. لەو بڕوایەدا نیم لەوەوبەر ئە ئاوا ئەوەم بە ئاشکرا وتبێت.

**بۆکسەر/ بروس**

دەزانیت، باوکی منیش هەر ئاوا گوو بوو. بەڵام من ئەو ناکوژم.

**چین**

بۆچی نا؟

بۆکسەر/ بروس

لەبەرئەوەی منیش وەک ئەوم لیدێت. ئەو مرۆڤێکی خراپە، گەر بێت و من ئەو بکوژم منیش دەبمە مرۆڤێکی خراپ. من نامەوێت وەک ئەو بم، بەهیچ شێوەیەک.

**چین**

نەخێر.

**بۆکسەر/ بروس**

وا نییە؟

**چین**

با.

**بۆکسەر/ بروس**

لەبەرئەوە هەر ئێستا واز لەو پلانانە بهێنە، پەیمانم دەدەیتێ؟

**چین**

ئا، بروس. پەیمان بێت. بەیانی ئەرۆم بۆ ماڵی دایکم.

**بۆکسەر/ بروس**

زۆر باشە. تۆ تەمەنت تەنها یانزە ساڵە. تۆ هەموو ژیانت لەبەر دەمدایە کە کاری چاکی پێبکەی، وا نییە؟

**چین**

وایە، بەیانی ئەڕۆم بۆ لای دایکم.

## دیمەنی شانزە

**چین**
لەبەر ئەوەی من لە کاتێکدا سوپام بەجێهێشت هێشتا شەڕ بوو، بۆیە بڕیارم دا بە جلوبەرگی مەدەنییەوە سەفەر بکەم. ئوزییەکەیشم خستە ناو جانتاکەمەوە. بەکراسی ئاودامانەوە کە خووم پێوە نەگرتبوو لەبەریکەم، ڕۆیشتم. کە گەیشتمە گوندەکەی دایکم ئەو خانووە گەورە جوانەی کە جاران تیایدا دەژیا چۆڵ بوو.

**بۆکسەر**
کە تۆ لەبەردەمی ئەو خانووە چۆڵەدا دانیشتبوویت، بیرت کەوتەوە شتێکت لەبیرچووە.

**چین**
جانتاکەم! بە تفەنگەکەمەوە! لە پاسەکەدا مابووەوە!

**بۆکسەر/ ئەفسەر**
ئەوە بۆ سەربازێک وەک ئەوە وایە کە خۆی بدۆڕێنێت.

**چین**

من نەمدەزانی چی بکەم. گەڕامەوە بۆ گۆڕەپانەکە و تەنها لەوێدا دانیشتم و چاوم بڕیبووە بەردەمی خۆم.
نەمدەتوانی بیر لە ژیانی خۆم نەکەمەوە، گەر ئەو شەوەی زۆر لە مێژە، لە دەست دایکم ڕامنەکردایە، ئێستا چیم بەسەرهاتبوو.

**بۆکسەر**

ئا، تۆ.

**چین**

هەرگیز لە سوپادا نەدەگیرسامەوە.
( وچان )
بەڵام ئافرەتێک دەبینم و کە پرسیاری دایکمی لێدەکەم، زەردەخەنەیەکی گەورە هەموو دەموچاوی دەکاتەوە. ئەو چەند هەنگاوێک لە ڕێگاکەوە شوێنم دەکەوێت، لەوێوە دایکم دێت!

**بۆکسەر/ دایک**

ئۆ خوایە، ئەوە تۆ لێرەیت؟
وەرە، با پێکەوە بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە!
( هەردووکیان تاوێک بە ڕێگادا دەڕۆن. )

**بۆکسەر/ دایک**

تۆ ئەو شەوە بۆ ون بوویت؟ من قەت لەوە نەگەیشتووم.

**چین**

دایە، ئەوە گێلێتییەک بوو، من ترسام. تۆم نەدەناسی، ترسام.

**بۆکسەر/ دایک**

ئا تۆ، ئەوە چەند حەکایەتێکی کەرانەیە.

## دیمەنی حەڤدە

**چین**

بۆمدەرکەوت مێردەکەی دایکم مردووە، ئەویش خانووەکە و هەموو شتێکی دوای کەوتنی سەرۆک لەدەست داوە. ئێستا ئەو لە ناوەڕاستی شاردا و لە ژوورێکی بچووکی کرێگرتەدا دەژیا و گوزەرانی خۆی بە فرۆشتنی مەی کە لە ماڵەوە دروستی دەکرد، دابین دەکرد. ماریا ی خوشکیشم لەوێ دەژیا.

**بۆکسەر/ دایک**

من تەنها ئەوە دەکەم کە ئارەزووم لێیەتی، ژیانی من وایە. هەموو ڕۆژێکیش لە پاپا دەپاڕێمەوە، بەو هیوایەی ئەو یارمەتیم بدات. تۆ دەزانی دایکی پاپاش توتسی[9] بووە؟

**چین**

( بە دەمییەوە پێدەکەنێت ) نەخێر ...

**بۆکسەر/ دایک**

---

[9] Tutsi توتسی ڕەگەزێکن کە لە ڕواندە دەژین.

بەڵام دایکی توتسی بوو، دەبینیت. باوکیشی ئیتالی بووە. هەر لەبەر ئەوەشە بەتایبەتی چاوی ڕەحمەتی لە ئێمەیە.

**چین**

( سەرلەنوێ بە شێوەیەکی کەمێک دوو دڵییەوە پێدەکەنێت )

ئەرێ؟

**بۆکسەر/ دایک**

ئا وایە، دەبینیت. تۆ توتسیت، دایکی ئەویش توتسی بوو. بەو شێوەیە نوێژکردن ئاسان دەبێت.

**چین**

بۆ من گران بوو لەگەڵ ئەو هەست بکەم کە لە ماڵەوەم. هەرچەندە من بەو شێوەیەش هەستم دەکرد، بەڵام دەمویست لەلای ئەو بمێنمەوە. گرفتەکە تەنها ئەو خەڵکانە بوون کە لە چواردەورمان بوون. من بەو شێوەیە پێشوازی نەکرام کە چاوەڕوانم دەکرد.

**بۆکسەر**

ڕوونی بکەرەوە.

**چین**

ئەوان خەڵکانێکی مەدەنی بوون، منیش سەرباز!

ئەوان دەبوو بەڕێزەوە پێشوازییان لە من بکردایە!

**بۆکسەر**

لەبری ئەوە ئەوان تۆیان تەنها وەک کچێکی بچوکی یازدە ساڵان ئەبینی.

**چین**

هەموو ڕۆژێک دوای قوتابخانە شەرم دەکرد. لەهیچ شوێنێکدا جێگەم نەدەبۆوە. کچێکی بچوک بووم بە ئەزموونێکی زەبەلاحی سەربازییەوە. لەگەڵ هیچ شتێکدا یەکم نەدەگرتەوە. دوای چەند ساڵێک بریاری خۆمدا کە تەنها یەک ڕێگای دەربازبوون هەیە: سەرلەنوێ بگەڕێمەوە بۆ ناو سوپا.

## دیمەنی هەژدە

**بۆکسەر**

ئەو ئەفسەرەی تۆی وەرگرت سەرسام بوو بەوەی تۆ چەندت دەزانی. ئەو نەیدەزانی تۆ لەوەوبەر بەشداری شەڕت کردووە. هەر لەبەر ئەوە و بەر لە پێشکەشکردن و دەستپێکردنی فێرکاری و خۆئامادەکردن ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو کە تۆ کرایتە سەرتیپ.

**چین**

ئەوکاتە تەمەنم سیانزە ساڵان بوو. سەرتیپ بووم. ئەوە کارێکی تەواو شێتانە بوو.

من ببوومە سەرتیپی دەستە کوڕێک کە تەمەنیان دوو هێندەی من گەورە بوون.

**بۆکسەر**

زۆربەیان ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکران. بەڵام تۆ شارەزای سێستێمەکە بوویت، لەبەر ئەوە دەتزانی چۆن خۆت لە چوونە بەرەی جەنگ رزگار بکەیت.

**چین**

من تەنها دەمویست ژیانی خۆم بپارێزم.
ئیتر خۆم بە شتێک سەخڵەت کردبوو.
ئێمە لە نزیک شارەکەی خۆمەوە دانرابووین. من خۆم بەوە سەخڵەت کردبوو کە دایکم پێویستە شیر بکڕێت، لەکاتێکدا باوکم کێڵگەیەکی گەورەی مانگای هەبوو، بڕیارم دابوو سەردانێکی باوکم بکەم.

**بۆکسەر/ باوک**

ساواکەم!

**چین**

ئەوەی لە هەموو شتێک سەیرتر بوو: ئەوە بوو ئەو بەوپەڕی ڕێزەوە سڵاوی لێکردم و کورسییەکی بە تەنیشت ئەوەی خۆیەوە بۆ دانام.

**بۆکسەر/ باوک**

ساواکەم ...
کەی تۆ بوویتە سەرباز؟

**چین**

گەر ئەو بیزانیایە ....
( وچان )
کەسێکی مەدەنی بۆی نییە پرسیاری ئەو جۆرە شتانە بکات.

**بۆکسەر/ باوک**

نانا، نانا.

**چین**

هێندە تورە بووم کە گەڕامەوە سەربازگاکەمان کوڕێکم بریندار کرد. بەڕاستمە: ئەو لەمێژبوو دەیویست بۆم پێوەنێت. لەبەرئەوە تەقەم لێکرد. بۆ ماوەی مانگێک چەک کرام، ئەمەش ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندم جارێکی تریش سەردانی باوکم بکەمەوە.

**بۆکسەر/ باوک**

ساواکەم! من ئەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم.

**چین**

من لەم ساتەدا کاتم نییە.

**بۆکسەر/ باوک**

بەڵام خۆ دەتوانیت بچیت بۆ کێڵگەکە و سەرێکی نەنکت بدەیت. ئەو هەر زۆر خۆشحاڵ دەبێت.

**چین**

گەر ئەو بیزانیایە.
کە من بەڕێوە بووم بۆ ئەوێ.

**بۆکسەر**

تۆ لەوێ چیت دەکرد؟

**چین**

چەند گا و بزنێکم لەگەڵ خۆم دەبرد بۆ دایکم.

**بۆکسەر**

کەواتە، تۆ چوویت بۆ ئەوێ دزی بکەیت؟

**چین**

ئا.

**بۆکسەر**

مخابن کە تۆ ئوزییەکەت لەگەڵ خۆت نەبردبوو.

**چین**

بێگومان ئەوە نەدەکرا.. نەنکم پەردەی لەسەر درۆکەم هەڵماڵی، بەیانی زووی رۆژی دواییش ناچاربووم هەڵبێم.

## دیمەنی نۆزدە

**چین**

هەرچۆنێک بێت پاش ماوەیەک بە شێوەیەکی تر هەلم بۆ رەخسا یارمەتی دایکم بدەم.

**بۆکسەر**

بەڵام تۆ بەر لەوە لە ناکاسۆنگورە بوویت.

**چین**

ئا.

**بۆکسەر**

ئەوەی راستی بێت هیچ جیاوازییەک لەنێوان ناکاسۆنگورە و شوێنەکانی تردا نییە.

**چین**

دەکرێت جگەرەیەکم بدەیتێ؟

**بۆکسەر**

فەرموو.

( چین جگەرەکە وەردەگرێت، نەفەسێکی لێ دەدات و دەیگەڕێنێتەوە )

**چین**

شتێکی باش بوو ئێستا تەمەنم سیازدە ساڵانە، کچیشم.

**بۆکسەر**

پاسەوانی تایبەتی فەرماندەیەکیش بوویت.

**چین**

گودفریێی کە بە " گود " بانگ دەکرا. نزیکەی سی ساڵان. بەهۆی بریندراربوونەوە دەشەلی، بەڵام گەورە و بەهێز.

**بۆکسەر**

ئافرەتی پاسەوانی تایبەت بە کچی کاتژمێر – نۆ – ش بانگ دەکران. لەبەر ئەوەی ئەوان دەبوایە هەموو شەوێک کاتژمێری نۆی شەو لە ژووری فەرماندە خۆیان ناونووس بکردایە.

دەفری نان خواردنی فەرماندەشیان پێدەوتن، چونکە فەرماندە بە دەستەکانی دەیخواردن.

**چین**

دەبڕایەوە!

**بۆکسەر**

من ئەمە تەنها لەبەر ئەوە دەڵێم چونکە ئەمە بۆ خۆت گرانە بیگێڕیتەوە.

**چین**

ئا، دەزانم.

من چەندین جار خەریک بوو گودفریی بکوژم، بەڵام نەمدەوێرا. ئەترسام، کە فەرمانیشی ئەدا لە " بەڵێ، گەورەم! " زیاتر نەمدەوێرا هیچی تر بڵێم.

**بۆکسەر**

تەنانەت گەر فەرمانەکە ئەوە بوایە لەگەڵی بخەویت؟

**چین**

ئا.

**بۆکسەر**

گەر سەرکردەکەمان بڵێت خۆت بدە بە ئەرزدا، ئەوا پیاو خۆی دەدا بە ئەرزدا، گەر تەخارێک گوش لەوێدا کەوتبێت. هەردەم گوێڕایەڵی فەرماندەکەت بە، دایم بەچاوی نزام بڕوانە خەڵکی سڤیل- ئەوە پرنسیپەکان بوو.

## دیمەنی بیستەم

**چین**

من دایم بەلامەوە سەخت بووە لەوە بگەم من کچم. کە سکم پڕبوو، بڕوام نەدەکرد ئەوە ڕاست بێت. بەخۆمم دەوت: ئەمە گونجاو نییە! من ئەفسەرم! من ناتوانم ژیانی مرۆڤێکی تر لە جەستەمدا بێت!

**بۆکسەر**

ئەمە چەند ساڵێک لەمەوبەر بوو. ئەوکات تۆ سەرپەل بوویت.

**چین**

تەمەنم چواردە بوو کە بوومە سەرپەل.

( وچان )

دەکرێت جگەرەیەکی ترم بدەیتێ، تکایە؟

**بۆکسەر**

نەخێر.

**چین**

تکایە؟

**بۆکسەر**

ئۆکەی.

**بۆکسەر**

هەموو منداڵێک کەسێکی دەوێت خۆشی بوێت.
لەم ڕووەوە هیچ جیاوازییەک لەگەڵ ئێمەدا نەبوو.

**چین**

مرۆ دایک و باوکی دەوێت. گەر ئەوانەی نەبێت، یان ئەوانەی هەیەتی بێکەڵک بن، ئەوە ....

**بۆکسەر**

ئەوە مرۆڤ هەوڵ دەدات کەسێکی تر بدۆزێتەوە ئەوی خۆشبووێت.

**چین**

ئەفسەرەکان، فەرماندە.

**بۆکسەر**

ئەوانیش بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەن کە خۆیان دەیانەوێت. هەندێکیان باشن. بەڵام زوربەیان خراپن.

**چین**

بووبوومە پاسەوانی تایبەتی ئەحمەد کەشیلینگی، وەزیری حوکوومەت و یەکێک لە گەورە سەربازە دەسەڵاتدارەکانی وڵات بوو. ئا، من تەنها پاسەوانی تایبەتی نەبووم، من بەرپرسیار و بەڕێوەبەری هەموو هێزی پاسەوانە تایبەتییەکانی ئەو بووم. چواردە ساڵان، کچ و فەرماندە.

**بۆکسەر**

دەتوانین ئەمە ناو بنێین کە جێگای خۆتت بە باشی کردۆتەوە.

**چین**

یەکەم ڕۆژ داوەتی ڕێستۆرانی کردم، پێی وتم دەتوانم چیم پێخۆشە داوای بکەم.

رۆژی دوایی لەگەڵ خێزانەکەی نانم خوارد، لەسەر مێزەکەی ئەوان. ئەوە هەر وەک بەهەشتێک وابوو بۆ خۆی.

من لەگەڵ ئەوان دەژیام. لە خانووەکەی ئەواندا، لە جوانترین ناوچەکانی کەمپەلا.

**بۆکسەر**

دوای چەند ڕۆژێک گوێت لێ بوو چۆن ئەو لەناو هاورێکانیدا لافی بەوەوە لێ ئەدا کە تۆ چەندە ترسناکی. ئاژەڵێکی کێوی، ئامێری کوشتن. تۆش شانازیت بەوەوە دەکرد.

**چین**

ئا، من بەوە قایل بووم. لەبەر ئەوەی دەمزانی من بەو شێوەیەم کە ئەو دەیەوێت.

" ئێوە دەبێت ئەوەتان لەیاد بێت کە ئەو مەسەلەیە چەندە مەترسیدارە."، جارێکیان ئەو وای وت. مەبەستیشی من بوو.

**بۆکسەر**

بەڵام تۆ، ئێمە ئەوەمان لەبیر چوو تۆ چۆن پارەت بۆ دایکت پەیداکرد.

**چین**

بەر لەوە بوو، ئەو کاتە لە کۆشکی کۆماری پاسەوان بووم _ واتە خانووبەرە و بارەگای رژێم. لەگەڵ مانگەگێردا بووم. ئەو هاوتەمەنم بوو، بەتەواوەتی کۆنترۆڵی بەسەر وەزعەکەدا کردبوو. هەر ئەوەندەی لە کارەکانی دەبوەوە قاتە جوان و مۆدێرنەکانی لەبەر دەکرد و دەچووە دەرەوە و شاری دەوروژان.

**بۆکسەر**

هەموو ئەو بەرتیلانەی وەک پاسەوان بۆ خۆتت کۆدەکردەوە، وایکرد تۆش خێرا قاتێکی وا بکریت. هەردووکتان وەکو دوو برا دەچوونە دەرەوە بۆ مەیخانەکان.

**چین**

من وا ڕاهاتبووم کچم بۆ ئەو پەیدا دەکرد. ئەوان حەزیان لە من دەکرد، ئەویش بۆ خۆی دەیقۆزتنەوە.

**بۆکسەر**

مانگەگێر ئەوەی بیستبوو کە میۆسیڤێنی دەیەوێت جەنگاوەرە دێرینەکانی خۆی خەڵات بکات، لەپڕ ئێوە هەردووکتان یەکی پەنجا هەزار شیلینگتان کەوتە دەست.

**چین**

پارەیەکی ئێجگار زۆر بوو. ئێمە چووینە ناو شار بۆ ئەوەی شت بکڕین، بەڵام من نەمدەزانی چی بکڕم. تەنها شتێکیش بیرم لێکردەوە، جووتێک پێڵاوی جوانی پیاوانە بوو.
دوای ئەوە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، بۆ ئەو کەپرەی تیا دەژیام و چاڵێکم هەڵکەند و بەشێکی زۆری پارەکەم تیا شاردەوە.

**بۆکسەر**

جگە لەو چوار سەد شیلینگەی پێت بوو کە لەگەڵ مانگەگێر چوویتە دەرەوە.

**چین**

پێکەوە چووینە گرانترین مەیخانەکانی شار و بە شێوەیەکی شێتانە خەڵکمان دەعوەت دەکرد و خۆمان وا پیشان ئەدا کە مانگەگێر کوڕی کیسێکەیی جێگری سەرۆک کۆمارە و منیش کوڕی سەلیم سالمم.

**بۆکسەر**

شتێکی خۆشە.

**چین**

دوای ئەوە چەند کەسێک دانی بەوەدا نەدەنا کە بڕوامان پێبکەن. ئێمە ئەوێمان بەجێهێشت و پەیمانی ئەوەمان پێدان کە دووبارە دەگەڕێنەوە. بیست دەقیقە دواتر بە کلاشینکۆفەکانمان ڕۆحی هەموویانمان برد.

**بۆکسەر/ مانگەگێر**

خەڵکەکەمان خستە سەر چۆک. وامان لێکردن خۆیان بخەنە ژێر پێمانەوە، لەکاتێکدا ئێمە رووی لوولەی تفەنگەکانمان کردبووە سەریان.

**چین**

هەموو گیانمان نیشتبووە سەر ئارەق.

دوای ئەوە ڕامانکرد. بەڵام ئێمە ئارەزووی ئەوەمان نەبوو بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. لەبەرئەوە بەردەوام بووین و بۆ ڕاوەکچ بەرەو دیسکۆیەک ڕۆیشتین.
من لەگەڵ کچەکەدا چوومە ژوورەکەی خۆم، پێم ووت چراکە بکوژێنێتەوە و چاوەڕوانم بکات تا لە میزکردن دەگەڕێمەوە.

**بۆکسەر/ مانگەگێر**

دوایی کلیلەکانمان گۆڕیووە.

**چین**

من چووم و لە جێگاکەی مانگەگێردا بۆی نووستم. ڕۆژی دوایی بۆی گێڕامەوە کە ئەو ئافرەتە پیر و بێ دان بووە. ئای کە پێکەنین.
( وچان )
دوای چەند هەفتەیەک زانیم چی لە پارەکە بکەم.
دەبێت بیدەم بە دایکم.

## دیمەنی بیست و یەک

**بۆکسەر/ دایک**

کۆرپەکەم ... جگەرگۆشەکەم ...

**چین**

ئەو هەر زووتر چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک کە من ئەو دە پارچە سەموونەی لە ڕێگا کڕیبووم دامێ، لەبەر ئەوە نەموێرا سەیری کاردانەوەی بکەم کە پارەکەی وەرگرت. من هەر خستمە نێو دەستەکانییەوە و چوومە دەرەوە.

کە گەڕامەوە ئەو لەوێدا وەستابوو، پارەکانی توند نابوو بە سنگییەوە وەک ئەوەی لەوە بترسێت لە دەستی بفڕێت، چاوەکانی دابڕیبووە ساپیتەکە هەر وەک ئەوەی خۆیشی بفڕێت بۆ ئاسمان.

**بۆکسەر/ دایک**

منداڵەکەم ... منداڵەکەم ...

**چین**

لەم شارەدا کەسێک دەناسیت کەلاوەیەکی هەبێت و بیەوێت بیفرۆشێت.

**بۆکسەر/ دایک**

من نازانم ... نازانم .... با پرسیار بکەین!
ئەزانی تۆم لە هەموو مناڵەکانم زیاتر خۆش دەوێت؟

**چین**

ئا، ئەمە درۆیەکی شیرین بوو.

**بۆکسەر**

بەهەرحاڵ ئەو کەپرێکی خۆی بە کێڵگەی مۆز و دوو درەختی گەورەی ئاڤۆدکادۆوەوە[10] وەرگرت، تۆش توانیت بە ڕێگای خۆتدا بڕۆیت.

**چین**

بەیانییەک لەگەڵ کاشیلینگی دانیشتبووم و نانی بەیانیم دەخوارد.

**بۆکسەر**

ئەویش پرسیاری سەبارەت بە دایک و باوکت لێکردیت.

**چین**

هەموو جەستەم ڕەق بوو، کە دەستم کرد بە گێڕانەوە گریام.

**بۆکسەر**

ئەو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، ئەوەشی گێڕایەوە کە رۆژێک لە ڕۆژان پەیوەندی کردووە بە سوپاکەی ئیدی ئەمین _ ەوە، لەبەر ئەوە ئەویش لەلایەن باوکییەوە ئەشکەنجە دراوە.

---

[10] ئاڤۆدکادۆ: میوەیەکی توێکڵ سەوز _ قاوەیی باوی هەندێ ڕەقە و ناوکێکی گەورە و ڕەقیشی هەیە.

**چین**

ئەو بەیانییە هەروەک ئەوە وابوو لێکچوونی چارەنووسەکانمان ئێمەی پێکەوە بەستبێتەوە، ئێمەی کردە یەک کەس.

( وچان )

ئا، کاشیلینگی کە هیچ کام لە دۆستەکانی لەوێ نەدەبوون، منی بۆ سوودی خۆی بەکاردەهێنا.

## دیمەنی بیست و دوو

**بۆکسەر**

بەڵام ئەو باوکی منداڵەکەت نەبوو.

**چین**

منیش ئەو کاتە عاشق بووم.

هەر بە تەواوەتی.

**بۆکسەر**

ئەها؟

**چین**

ئێمە لە خۆشترین ڤێلا و لە باشترین گەڕەکی کەمپەلادا دەژیاین.

**بۆکسەر**

بێگومان لە وەزیرە هەڵواسراوەکانی _ ئۆبۆتەمان دزیبوو.

**چین**

مۆسێی دراگۆش لەوێ دەژیا، یەکێک لە گەنجترین فەرماندە باڵاکان بوو. من لەو ڕۆژەوەی بەسەر کەتۆنگەدا پەڕینەوە، لە دوورەوە دەمناسی، ئەو

له بەتالیۆنی پێنجەم بوو، هەر ئەو کاتەش باسیان دەکرد، مرۆڤێکی له باوەڕ بەدەر خۆنەویست بوو. ئەو تەنها دەیتوانی ناوی خۆی بنووسێت، ئەوە تەنها شتێک بوو کە ئەو دەیزانی، بەڵام به هانای خەڵکەوه دەهات. راستگۆ و ڕووڕاست بوو.

( وچان )

لەگەڵ ئەو بەڕاستی خۆشەویستیم کرد، بۆ یەکەمین جار. لەبەر ئەوەی من خۆم دەموویست، لەبەر ئەوەی ئەو دەیوویست، لەبەر ئەوەی ئێمە حەزمان له یەک بوو.

( وچان )

من ئەو کاتە تەمەنم پانزه _ شانزه ساڵان دەبوو، منداڵێکمان بوو.

( وچان )

زۆر به لامەوه زەحمەت بوو تێیبگەم. بەلامەوه گران بوو خۆم وەک ژنێک ببینم. نەمدەزانی دووگیانم تا چەند ڕۆژێک بەر له منداڵ بوونم.

( وچان )

لەپڕ لەوه تێگەیشتم ئەو کچانەی منداڵیان له ئەفسەرەکان دەبوو له چ بارێکدا دەژیان.

بەڵام مۆسێی زوو هات بۆ نەخۆشخانه ... لەگەڵ هەموو بنەماڵەکەی. هەر زۆر بەختیار بوو.

## دیمەنی بیست و سێ

**بۆکسەر**

کە شێنلینکی کەوت، لەپڕ چیتر ئەو لە ڕژێمەکەی مۆسیڤێنی وەزیر نەبوو، بەڵکو بووە کەسێکی پاریا[11] و لەلایەن ئەو پۆلیسانەوە کە لەوەوبەر گوێڕایەڵی بچوکترین ئاماژەی پەنجەکانی بوون، ڕاودەنرا.

**چین**

من بووم بە پۆلیسی سەربازیی. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەمە باشترین داڵدە و پەنایە.

**بۆکسەر/ مۆسێی**

ئەها.

**چین**

نەمدەتوانی لە ماڵی مۆسێی بژیم. بە هیچ شێوەیەک نەدەکرا، نەدەکرا ... هەرگیز نەمتوانیوە لە هیچ شوێنێک بمێنمەوە ...

---

[11] پاریا، بە کەسێکی خوێڕی و ڕەزاقورس دەوترێت.

**بۆکسەر**
بەڵام لەو کاتەوەی لە ئۆگاندان، لەگەڵ رۆژگاردا، ئەو و بنەماڵەکەی کوڕەکەتیان گرتۆتە خۆ.
نۆبەرەکەی، دراگۆ یونیوری موسێی.

**چین**
منیش سەرلەنوێ ملی ڕێگای بەرەکانی جەنگم گرتەوەبەر.

**بۆکسەر**
سووک و ئاسان، بە دەستێکی پۆلایین سەرکردەی کاروانی سەربازی بکەی. تەنها نزیکەی حەڤدە _ هەژدە ساڵان.

**چین**
زۆر بە باشی کوڕێکی بچوکم دێتەوە یاد، ڕەنگە تەمەنی هەر دوانزە ساڵان بووبێت، هات بۆ لای من و گوتی شتێکی هەیە و دەیەوێت بۆم بگێڕێتەوە. لەو کاتەدا من نەمدویست گوێی لێبگرم، بەڵام ئەو هەر وەک چەسپی سەر زام دوام کەوتبوو. دواتر لە هەمان ڕۆژدا کەوتینە کەمینەوە و ئەو کوژرا، بەر لەوەی فریا بکەوێت چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە.
( وچان )
من دوای ئەوە دەبێت وازبێنم.

**بۆکسەر**
کەشێلینکی گیرا و ڕیسوایان کرد، بەڵام کۆمەڵێ درۆیان بۆ تۆش هەڵبەست. دەیانووت ئیتر نۆرەی تۆشە.

**چین**

دەبێت لە ئۆگاندا بچمە دەرەوە. خێرا. بۆ ئەو مەبەستەش پارەم پێویست بوو.

## دیمەنی بیست و چوار

**بۆکسەر/ باوک**

جگەرگۆشەکەم! دێیت بۆ ئێرە منداڵەکەم؟

**چین**

ئەوە دوا دیداری من بوو لەگەڵ باوکمدا. نەخۆش و لە جێگەدا کەوتبوو. لە باوەژنەکەشم جیابووبووەوە، منداڵەکانیشی ناچار کردبوو واز لە قوتابخانە بهێنن، ئەوانیش لەبەر ئەوە ڕقیان لێی بوو.
من لەگەڵ باوەژنەکەم و خوشک و برا بچوکەکانم هاتمە ژوورەکەیەوە.

**بۆکسەر/ باوک**

جەرگەکەم. تۆ تەنها منداڵێکی لەناو منداڵەکانمدا خۆشم دەوێت. چیم هەیە بە میرات بۆ تۆی بەجێدەهێڵم.

**چین**

چاوی بە ژوورەکەدا دەگێڕا، بە من و بە زڕبراکانمدا.
بۆکسەر/ باوک

( دەتەقێتەوە ) هەموو شتێک لێرە بدە بە کچەکەم و هیچ بەوانی تر مەدە! هیچ! ئەوانە منداڵی من نین!

**چین**

تا ئێستاش پەشیمانم لەوەی گوێم لێگرت. ئەوە وای لێکردم زیاتر سەرلێشێواو بم. هەموو ژیانی پیچەوانەی دوا وشەی خۆی بوون. من و باوەژنەکەم لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە بەبێ ئاگاداری ئەو، سیان لە مانگاکانی بفرۆشین.

بێگومان من فێڵم لە باوەژنەکەم کرد و هەموو پارەکەم بۆ خۆم برد.

## دیمەنی بیست و پێنج

**چین**

من تەنها باوەژنەکەم فریو نەدابوو، بەڵکو هەموویانم هەڵخەڵەتاند، نزیکترین هاوڕێکانی خۆم هەڵخەڵەتاند. من دەبێت بە هەر شێوەیەک بێت بگەمە ئەمەریکا، ئەمەش هەر زۆر گران بوو. دواجار کە بەو پارە پیسانە بلیتێکم دەست کەوت، فیزەم وەرنەگرت.

( وچان )

دواتر کە من بەتەواوەتی بێ هیوا بووم تۆم بینی.

**بۆکسەر**

چین!

**چین**

بۆکسەر! تۆ چی دەکەیت لێرە؟

**بۆکسەر**

هەڵدێم.

**چین**

هەر وەک ئەوە وابوو فریشتەیەکی مەست و سەرخۆش ببینم.

**بۆکسەر**

ئەها.

**چین**

تۆ هەموو شتێکت دەخواردەوە.

**بۆکسەر**

منیش پاسپۆرتێکی ساختەم پێفرۆشتی. سەد دۆلار.

**چین**

( پاسپۆرتەکە بەرز دەکاتەوە ) من ناتوانم ئەمە بەکاربهێنم. بە حەقی شەیتان من خەڵکی ئۆگاندام، چاوەکانم شین نین.

**بۆکسەر**

لەبری ئەوە چووین بۆ ئەفەریقای باشوور.

**چین**

بە پارەکانی من.

**بۆکسەر**

بەهەرحاڵ من هاوڕێی تۆم.

**چین**

قوڕم ساغی موعتاد.

**بۆكسەر**

بەهەرحاڵ من هاورێی تۆم.

**چین**

بەبێ تۆ من ئێستا مردبووم.

**بۆكسەر**

ئێمە هاتینە خوارەوە. بە هۆی منەوە. پێكەوە ژیاین ...
( خولانەوەیەكی بە ئاماژەوە ) لێرە ..

**چین**

ئا، ئا، بە تەواوەتی نا.

**بۆكسەر**

سێ ساڵ.

**چین**

دوایی من لەلایەن چەند گەوجێكەوە ئەشكەنجە درام و لە نەخۆشخانە كەوتم. لەوێ لە نەخۆشخانە من بە تەواوەتی تێكچووم و شێتگیر بووم، ئەوان لەوە گەیشتن كە من چ پێشینەیەكم هەیە.
( وچان )
لەپڕ لەوێدا بە نامەیەكەوە بۆ كۆمیتەی پەنابەرانی یوئێن _ UN وەستابووم و ئەوان بە دەنگمەوە هاتن، گوێم لێگیرا، و مامەڵە و یارمەتی دەروونی، و ...
( وچان )
من تەنها هەر دەگریام.

( وچان )
لەوەوبەر بۆم نەبووە بگریم.
( وچان )
ئێستاش لە دانیمارک دەژیم.
( وچان )
ئەمە ڕێگای تێناچێت.
لەوێ کەس لە شەڕدا نییە، یان توندوتیژ نین، لەوێ کەس بە چەکەوە بە شەقامەکاندا ناسوڕێتەوە.
من باوکێکی تازەشم هەیە، باوکێکی میهرەبان، ئێمە لە تیفۆلی، شاری یاری بووین...
( وچان )
هەر دەڵێی بەهەشتی سەرزەمینە.
بۆکسەر
ئا، منیش لە ئەفریقای باشوور مامەوە، لەسەر موعتادی بەردەوامم.
چین
هەست بە چی دەکەم کە بە تەنهام؟ هەروەک ئەوە وایە کە بەبێ دڵ بگەڕێم.
هەموو ئەوانەی بە منداڵی خۆشم دەویستن مردوون. تەنها یەک شت لە ژیانمدا هەیە بۆی بژیم، تەنها یەک شت، ئەویش ئەوەیە کە چەندێک دەرەقەت بێم لە پێناویدا تێبکۆشم.

## لیستی بەخشەکانی زنجیرەی شانۆی بیانیی

| شانۆنامە | نووسەر | وەرگێڕ |
| --- | --- | --- |
| ١. مۆسیقای بێ دەنگ | لاش نۆرین | دانا رەئوف |
| ٢. کۆتایی گەمە | سامۆییێل بێکێت | مستەفا قەسیم |
| ٣. کوێرەکان | مۆریس مەتەرلینگ | دلاوەر قەرەداغی |
| ٤. مارا ـ ساد | پیتەر ڤایس | شێرزاد حەسەن |
| ٥. سۆناتای تارمایی | ئاوگۆست سترنبێری | عەبدوڵڵا قادر دانساز |
| ٦. کەڵک | ئاوگۆست سترنبێری | خەبات عارف |
| ٧. مەرگەساتی شالیر | شێکسپیر | شێرزاد حەسەن |
| ٨. مەرگی کریشنا | ژان کلۆد کارێر و ماری هێلین ئێستیان | مستەفا قەسیم |
| ٩. شەڕ | لاش نۆرین | دلاوەر قەرەداغی |
| ١٠. فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت | فریدریش دێرینمات | شێرزاد حەسەن |
| ١١. گوێ بگرە عەبدولسەمیع | عەبدولکەریم بەرشید | فاروق هۆمەر |
| ١٢. لێ گەڕێن مرۆڤ بژی | پێیر لاگەرکڤیست | خەبات عارف |
| ١٣. پایەکانی کۆمەڵگا | هێنریک ئیپسن | هاودەم ساڵح جاف |
| ١٤. مردنی دێوەرەیەک | ئارسەر میللەر | ئازاد حەمە شەریف |
| ١٥. کەسێک هەر دێ | یۆن فۆسە | هاودەم ساڵح جاف |
| ١٦. پەرجوو | لاش نۆرین | دلاوەر قەرەداغی |
| ١٧. سەراییدار | هارۆڵد پینتەر | رێبوار رەشید |
| ١٨. مردن و پاکیزە | ئێریەڵ دۆرفمەن | فاروق هۆمەر |
| ١٩. هاملێت | شێکسپیر | ئازاد حەمە شەریف |
| ٢٠. سێ خوشک | چێخەف | جەلال تەقی |
| ٢١. لە چاوتروکانێکدا | پیتەر ئاسمۆسن | بەهرۆز حەسەن |
| ٢٢. خەونە نمایشێک | ئاوگۆست سترنبێری | دلاوەر قەرەداغی |
| ٢٣. ژوورەکە<br>خوێندنگای شەوان | هارۆڵد پینتەر | عەلی عوسمان یاقووب |
| ٢٤. ئەستێڵکە مەزنەکە | پیتەر تێرسن | فاروق هۆمەر |
| ٢٥. گیانەوەرە شوشەییەکان | تێنیسی ویلیامز | ئازاد حەمە شەریف |
| ٢٦. ڤاتسلاف | سلاڤۆمیر مرۆژەک | کەریم پەڕەنگ |
| ٢٧. جورئەتی کوشتن | لاش نۆرین | هیوا قادر |
| ٢٨. کاتە بەسەرچووەکان، ناپاکی، دیمەنێکی سروشتی | هارۆڵد پینتەر | فاروق هۆمەر |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٩. دڵی بای و ئاهو | عەباس مەعروفی | دلاوەر قەرەداغی |
| ٣٠ . خاتوو ژولیا | ئاوگۆست سترنبێری | عەلی عوسمان یاقووب |
| ٣١. یۆن گابریێل بۆرکمان | هنریک ئیبسن | هاودەم سالح جاف |
| ٣٢ . جەژنی هەڵسانەوە | ئاوگوست سترنبێری | خەبات عارف |
| ٣٣. ز. ئیمپراتۆڕ جۆنز | یۆجین ئونێڵ | د. ئازاد حەمەشەریف |
| ٣٤. دایکە ئازا | بێرتۆڵد برێشت | کەریم پەڕەنگ |
| ٣٥. بازنەی تەباشیری قەوقاز | بێرتۆڵد برێشت | کەریم پەڕەنگ |
| ٣٦. ئەسانسێرەکە<br>ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون | هارۆڵد پینتەر | عەلی عوسمان یاقووب |
| ٣٧. بێوەژنەکان | ئاریەل دۆرفمان | فاروق هۆمەر |
| ٣٨. دڵی سەرباز | دەیڤید فرێچ | عبدالله سلێمان |
| ٣٩. هەرەسی بەفر | تونجەر جویجان ئۆغلۆ | بەکر شوانی |
| ٤٠. باخچەی گێلاسەکە | ئەنتۆن باڤلیچ چیخەف | شێروان مەحموود موحەمەد |
| ٤١. شارۆچکەکەمان | تۆرن تۆن وایڵدەر | ئازاد بەرزەنجی |
| ٤٢. گەڕانەوە بۆ ماڵ | هارۆڵد پینتەر | عەلی عوسمان یاقووب |
| ٤٣ . ئەندۆرا | ماکس فریش | کەریم پەڕەنگ |
| 44. شەوگار گۆرانیەکانی خۆی دەڵێ | یۆن فۆسە | هاودەم ساڵح جاف |
| 45. چین | ئێریک ئۆدینباری | دانا ڕەووف |